ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا
شەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٣ ٢١ی ژوئەنی ٢٠١٤
ژمارە ٦٣٤
www.kurdistanukurd.com

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نارد.

## بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!





بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!
لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم!
بە بۆنەی پێکهاتنی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دەستبەکاربوونەوەی ئێوەی بەڕێز لە پۆستی سەرۆک وەزیریدا، لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی هەموو ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پڕبە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

ل ٢

### حدک، بە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ناوچەکە:

# پشتیوانی لە هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی باشووری کوردستان دەکەین



لە سەر پێویستیی یەکگرتوویی هەر چی زیاتری خەڵکی کوردستانو یەکهەڵوێستیی سەرجەم هێزەسیاسییەکان لەم هەلومەرجە دا ، پێ دادەگرین.

بە دوای پەلاماری گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام (داعش) بۆ سەر موسڵوتکریتو دەستبەسەرداگرتنی چەندین ناوچەو شار و شارۆچکەی سوننی نشینی عێراقو خۆبەدەستەوەدانو تێکشکانی سوپاوهێزە حکوومەتییەکان لەم ناوچانە، هەرێمی کوردستانو بە تایبەتی دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی هەرێمی بەڕەورووی ئەگەری هێرشو نائەمنی لە لایەن چەکدارەکانی ئەو گرووپە بوونەوە. حکوومەتو خەڵکی هەرێمی کوردستان باوەشیان بۆ ئاوارەکانی ناوچە هێرش بۆ کراوەکان کردەوە، هەر لەو کاتە دا بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە گیانو ماڵی دانیشتوانی ناوچە دابڕێندراوەکان کۆنترۆڵی شاری ستراتیژیکی کەرکووکو ناوچە بەزۆردابڕێندراوەکانیان گرتە دەست. دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ناوچەکە، لە بەیاننامەیەک دا سیاسەتو هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم و خەڵکی باشووری کوردستانی بە نەتەوەییو ژیرانەو بەرپرسانە هەڵسەنگاندوە. حیزبی دیموکرات وێڕای پێداگرتن لە سەر پێویستیی یەکگرتوویی هەر چی زیاتری خەڵکی کوردستانو یەکهەڵویستیی سەرجەم هیزە سیاسییەکان لە هەلومەرجی ئاستەمی ئیستا دا، پشتیوانیی خۆی لە هەڵوێستی حکوومەتی هەرێم ڕاگەیاندوەو ئامادەیی تێکۆشەرانی ئەم حیزبەی بۆ پاریزگاری لە دەسکەوتە نەتەوەییەکان لەم بەشەی کوردستان دووپات کردوەتەوە.
دەقی بەیاننامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

## ڕاگەیاندراو سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پلینۆمی دەیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەهەم، لە ڕۆژەکانی ١٧ تا ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٧ تا ١٠ ی ژووئەنی ٢٠١٤ی زایینی) دەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە برد.
لەو پلینۆمەدا کە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد، پاش پەسند کرانی دەستووری کاری پلینۆم، سەرەتا هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات ڕاپۆرتێکی سیاسیی کە ئاوڕدانەوە لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی نێوان دوو پلینۆمی لە ئاستی جیهان و ناوچە و ئێران و کوردستان و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب لەو پێوەندییەیدا لە خۆ گرتبوو، پێشکەش کرد. ئەم ڕاپۆرتە پاش هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردن لەلایەن ئەندامانی پلینۆم بەمەبەستی بەرچاوڕوونی بەخشین بە سیاسەتەکانی لەمەودوای حیزب بەپەسندی کۆمیتەی ناوەندی گەیشت.
لە دەسپێکی ڕاپۆرتەکەدا کە بۆ باسی ئاڵوگۆڕەکانی سەر ئاستی نێونەتەوەیی تەرخان کرابوو، ئاماژە بە ململانەی نێوان زلهێزەکان بەتایبەتی ڕۆژئاوا و ڕووسیە لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی ئۆکراین و پرسی کریمەدا کرابوو و کاریگەرییەکانی ئەو پلە نوێیە لە گرژیی نێودەوڵەتی لەسەر دۆسیەکانی دیکەی ناوچە بەتایبەتی قەیرانی سوریە و مامەڵە لەگەڵ ئێراندا خرابوونە بەر باس. سەبارەت بە کێشەی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ناوکی، پلینۆم لەو باوەڕەدا بووکە لەگەڵ ئەوەدا کە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە، تاقمی باڵادەست لە کۆماری ئیسلامیدا هێشتا وەک کارتێکی گەمە دەڕوانێتە ئەو پرسە و بە ئەنقەست گرێوگۆڵ دەخاتە نێو پرۆسەی چارەسەر کردنی هەتا وێڕای بەردەوامی لەسەر گوتاری بەناو ئینقلابی و ئارمانگەرایانەی خۆی، هەم لە خاڵی گەیشتن بە مەرامە ستراتیژی و شاراوەکانی لەبواری پیشەسازیی ناوکیدا نزیکتر بێتەوە و هەم لە بوارەکانی تری ململانە و گرژی دروست کردن لە ناوچەدا ئەم پرسە وەک ئامرازێکی فشار بەکار بێنێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەروا بەو کێشەیەوە سەرقاڵ بێ و پرسی هەرە سەرەکی لە کۆمەڵگای ئێراندا کە بریتیە لە دێموکڕاسی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی خەڵک لە پەراوێزدا بمێنێتەوە و بەمجۆرە ڕێژیم بتوانێ لەسەر پێشێلکارییەکانی خۆی لەو بوارەدا بەردەوام بێ.

ل ٤




ئاسۆیەکی تازە بۆ داهاتوی کورد
٦



ڕووداوەکانی عێراقو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە
٦



دیاردەی داعشو گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی ١_٢
٧



دەنگی پێی بێگانە لە سەر خاکی کورد
٨



کێشەی نێوخۆیی قۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی
٩


## باراک ئۆباما: کاتی پشتیوانی لە نوری مالکی بەسەر چووە



باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقی روون کردۆتەوە کە «کاتی پشتیوانی بەسەر چووە« و هەروەها باس کردن لە لادانی نوری مالکی تەوری وتووێژی نێوان ئۆباماو گەورە بەرپرسانی کۆنگرە ئەمریکا بووە.
ئۆباما لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری کردوە هەوڵ بدرێ نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەو قەناعەتە بگا دەستبەرداری دەسەڵات بێ، چونکە لە ئیدارەکردن وڵاتەکەی بەرەوڕووی شکستی قورس بۆتەوەو مەترسیی زۆری بۆ خەڵکی وڵاتەکەی دروست کردوە.
لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی کۆنگرەش ڕەخنەی توندیان لە شێوازی سیاسەتو دەسەڵاتی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی گرتووە.
جۆن مەکین، سیناتۆری بەرەی کۆمارییەکانیش لە بارەی پشتیوانیی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بۆ عێراق دەڵێ ئۆباما پەیامی بۆ مالکی ناردوەو روونی کردۆتەوە کە کاتی ئەوە بەسەر چووە.
هەروەها وەزیری بەرگری چاک هیگل لە کۆبوونەوەکەی کۆنگرەدا گوتویەتی: حکوومەتی ئێستای عێراق بەهیچ شێوەیەک نەیتوانییوە پابەندی پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی بێو سوننە، کورد و شیعەدا لە دەسەڵاتدا بەشدار بکا.

## بێ ئاکام مانەوەی پێنجەمین خولی دانووستانە ناوکییەکانی ئێران

ڕۆژی ڕابردوو پێنجەمین خولی دانووستانە ناوکییەکانی نێوان ئێران و گرووپی ١+٥ لە وییەن بە چاوپێکەوتنی نێوان محەممەدجەواد زەریف و کاترین ئێشتۆن کۆتایی پێ هات.
بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئیرنا، زەریف لە کۆتایی ئەم دیدارەدا باسی لە بوونی بیروڕای جیاواز لەنێوان خۆیان و ١+٥ لەسەر مەسەلە بنەڕەتییەکان کردوەو گوتوویەتی لێرەدا پێویستە ئامریکا دژوارترین بڕیارەکان بدا.
هەواڵدرەیی فەرانسەش لە ڕاپۆرتێکدا لە ویەن لەزمان زەریفەوە نووسیویەتی: ڕێژیمی ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر مەسەلە بنەڕەتییەکان ڕێک نەکەوتن.
لەم خولەی وتووێژەکاندا کە لە ڕۆژی دووشەممە ٢٦جۆزەردان «١٦ی ژوئەن» لە وییەن دەستی پێ کردبوو و تا ڕۆژی هەینی ٣٠ جۆزەردان «٢٠ی ژوئەن» بەردەوام بوو، بڕیار درا وتووێژەکان لەسەر بنەمای دەسپێکی نووسینی دەقی دوایین ڕێککەوتنی ناوکی بەڕێوەبچێ.
لەلایەکی دیکەوە مایکێل مان وتەبێژی کاترین ئێشتۆن بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروپاش لە تویتێری خۆیدا نووسیویەتی ڕۆژی شەممەی داهاتوو بەڕێوەبەرانی سیاسی وڵاتانی ١+٥ لە بروکسێل چاویان بە یەکتر دەکەوێ.

# خالید عەزیزی: گوتارێک دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ؛ کە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆیانی تێدا ببیننەوە



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆڕی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتدا جەختی کردەوە کە مەیدانی سەرەکیی کارو تێکۆشانو هەڵسووڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو ئەوەی لە ئێران دەتوانێ ببێتە فاکتەری سەرەکیی گۆڕان یان نەمانی ئەوە حاکمییەتە، دیتنەوەی گوفتومانێکە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆی تیدا ببینێتەوە، چ ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین، چ ئەوانەی لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبڕاڵو گۆڕانخواز پێناسە دەکەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی یەکشەممە ۲٥ ی جۆزەردان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبو بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای شیکردنەوەی باسو ڕاسپاردەکانی دەهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سیاسەتو ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی بە نسیبەت ئاڵوگۆڕە سیاسییە نوێیەکان لە ناوچە خستە ڕوو.

کاک خالید عەزیزی سەرەتا باسی کاریگەریی جەمسەرە بەهێزە جیهانییەکانی لە سەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچە بە تایبەت سووریە کردو لە نێو شیکردنەوە سیاسییەکەیدا باسی لەو گرووپو دەستەو تاقمانە کرد کە بەپێی بەرژەوەندیی زلهێزە ناوچەییەکان دروست کرانو ڕەوتی شۆڕشو سەرهەڵدانی ئەو وڵاتەیان گۆڕی. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو بەشەی باسەکەیدا باسی ڕۆڵی ئێرانی کردو گوتی لە هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرێکی ئەو کێشەیە جا چ لە نێوان فەلەستینو ئیسرائیل، چ لە نێوان حیزبوڵلاو دەوڵەتی لوبنان، چ لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سووریەو عێراقو وڵاتانی دیکەی ناوچەش دەگاتەوە تارانو، تاران هەروا فاکتۆرێکی کاریگەرو ئەکتەری دروستکردنی نائەمنی لە ناوچەکە دایە.

کاک خالید باسی جۆراوجۆرییەکانی نێو حاکمییەت، بۆ گەمەی سیاسیی خۆیانی کرد، کە ئەگەر لەلایەک حەسەن ڕوحانی بە گوتاری هەڵکردن لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو کەمکردنەوەی بارگرژییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە دەیەوێ وا نیشان بدا ئێران نەخشی بنیاتنەری لە ڕووداوەکاندا هەیە، بەڵام خامنەیی و حاکمییەتو سوپای پاسداران ئەکتەرەکانی دیکەی ئەو مەیدانەن کە یارییەکانی خۆیان دەکەنو، ئەوەش جاری وایە سەری لە کۆمەڵگای جیهانیش شێواندوە، قسە ئەوەیە سوپای قودسو سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیو ڕوانگەی ڕێژیم بۆ هاوکێشەکان هەر لە جێی خۆیەتی؛ بەڵام ڕوخساری گوفتومانی ئێران بە نیسبەت دنیای دەرەوەو قسەکانی ڕوحانی بە نیسبەت ئەحمەدینژاد گۆڕاوەو ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە تێبکۆشین لە پێوەندییەکانمانو، لە نێو بیروڕای گشتیدا ئەو بۆچوونە بەهێز بکەین کە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ متمانە ناشێ، لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی وڵاتیشدا هانی گۆڕانخوازەکان بدەین هاوپشتو هاریکاریان بین.

سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆبەندی ئەو بەشەی باسەکەیدا گوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیستاش پارەیەکی زۆر بۆ قەیران خوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەکا لە حاڵێکدا خەڵک لە ئێران لە بواری ئابووری لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین.

کاک خالید عەزیزی بە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە وڵاتانی سووریەو عێراق لە ئارا دایە، ئاماژە بەوە کرد؛ دەبینین جۆرێک کێشەی ئایینزایی لە نێوان شیعەو سوونە دایە کە هۆکارو بەستێنەکانی بۆ دەیان ساڵی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە لە سنوورەکانی ئێرانیش بێتە ژوورێ، بەڵام لەو پێوەندییەدا سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوەیە؛ کێشەی کورد بە کێشەی سوونیو شیعە پێناسە ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرنجدان بەوەی ئەو گرووپانە لە دژایەتیی کورددا دروست نەبوونو بۆ لێدان لە شوناسو هۆوییەتی کوردی نەهاتوونەتە گۆڕەپان، بەڵکوو لە سەر ئەو پێناسە مەزهەبییە دروست بوون کە بۆ خۆیان لێکدانەوەی بۆ دەکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەی خۆشحاڵ نین بە گرتنەبەری ئەو جۆرە ڕەفتاو ڕێوشوێنو خوێندنەوەی توندوتیژ لە مەزهەب جا چ سوننی بیکا یان شیعە، بەڵام دەڵێین ئەوە لە تەواوەتیی خۆیدا بە زیانی کوردەو کورد نابێ ئەو کێشەیە بێنێتە نێو ماڵی خۆیو بیکا بە ئی خۆیو بە لایەکدا بکەوێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بەوەی ئەگەرچی ئێران لە ناوچەدا بە دەستێوەردانو خەرجکردنی پارەو ئیمکاناتی زۆر دەوری حاشاهەڵنەگری لە ڕەوتی ڕووداوکاندا هەیە، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا بە دەست کۆمەڵە کێشەیەکیش حاسێ بووە کە هەر ئەو کێشانەن لە درێژخایەندا لە نێوی دەبەن یان ناچار بە گۆڕینی دەکەن.



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەختی لە سەر ئەوە کردوە ئەوەی لە ئێران دەتوانێ ببێتە فاکتەری سەرەکیی گۆڕان یان نەمانی ئەوە حاکمییەتە، دیتنەوەی گوفتومانێکە؛ کە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خۆی تیدا ببینێتەوە، چ ئەوانەی دژبەری کۆماری ئیسلامین، چ ئەوانەی لە نێوخۆی کۆماری ئیسلامیدا خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی لیبڕاڵو گۆڕانخواز پێناسە دەکەنو لەو مەیدانەیەدا کە حیزبی دێموکرات قسەی هەیە، لە نێوخۆی وڵاتدا خەڵکی هەیەو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییشدا گوێی لی دەگیرێ.

کاک خالید عەزیزی بەشێکی دیکە باسەکەی بۆ تاوتوێی پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان تەرخان کردو لە پێوەندی لەگەڵ سووریەدا بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەو وڵاتەی لەلایەن کانتۆنەکانی خۆراوای کوردستانەوە بەرزنرخاندو بە سەرەتایەکی باشی بە بەخشینی شوناسی کوردی بە پرسەکان لەو بەشەی کوردستان دانا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی باشووری کوردستانیش ڕاسپاردەی پلینۆمی بیر هێنایەوە کە بە ئاراستەی قۆستنەوەی هەلو دەرفەتەکانو پێویستیی پاراستنی یەکڕیزیو هاوپێوەندیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا باسی کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ باکووری کوردستانیش تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پرۆسەی ئاشتی لەو بەشەی کوردستان ڕێگەیەکی زۆرو بەبایەخی بڕیوەو نابێ ڕێگە بە توندرەوەکان لە هەر دوولا بدرێ کۆسپ بخەنە بەردەم بەردەوامیی ئەو پرۆسەیە.

باسکردن لە دۆخی تەپیوی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی ئێران لە دەرەوەی وڵات، تیشک خستنەوە سەر قورسایی کاری تێکۆشانی سیاسیو ڕێکخستنەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو پێناخۆشبوونی حیزب بە نیسبەت ڕاوەستانی وتووێژەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو هاوڕێیانی پێشوومان لە حدکاو دەست پێکردنەوە بەو وتووێژانەو، باسێک لە سەر چۆنیەتیی کارو تێکۆشانی ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکڕات چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیە بوون.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نەتەوەیی ڕووسیەدا

شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر لە کۆنسوولخانەی ڕووسیەدا بەشداری لە جێژنی ڕۆژی نەتەوەیی ڕووسیەدا کرد.

ڕێکەوتی ۲۲ ی جۆزەردان شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی کۆنسولخانەی ڕووسیە بەشداری لە جێژنی ڕووسیەی فیدراڵدا کرد و لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستیی ڤالێری پۆسپێلۆڤ پێشوازییان لێکرا.

سکرتێری گشتیی حیزب وێڕای دیدار لەگەڵ هەیئەتی ڕووسی توانی چاوی بە



کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی باشووری کوردستانو نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستانو نوێنەرانی کۆنسولخانەکانی وڵاتانی بیانی بکەوێو دیداریان لەگەڵ نوێ بکاتەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی جنیڤا کاڵ بۆ سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ڕێکەوتی ۷ی ژووئەنی ۲۰۱٤، هەیئەتێکی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ (جنێڤاکاڵ) کە بۆ پەرەپێدانی جێبەجێکردنی قانوونی مرۆڤدۆستی لە بەستێنی بزوتنەوە چەکدارییەکاندا کار دەکا، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کرد.

هەیئەتی ئەو ڕێکخراوە لە «ئەنکی سیۆربێری و بەیتوول گورکێم»، بەڕێوەبەرانی پرۆگرامی ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەمریکای لاتینو کوردستان لەلایەن هەیئەتێکەوە بە سەرپەرستی د. ئاسۆ حەسەنزادەوهاوڕێیەتی شیلان قوربانیفەر بەرپرسی ناوەندی منالپارێزیی کوردستانو گەلاوێژ پەیرەوان، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو خالید حەسەنخاڵی بە نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی-نیزامی پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا هەیئەتی ڕێکخراوی جنیڤاکاڵ سەبارەت بەو پرۆگرامانەی لەبواری نەهێشتنی مینی دژە کەسیو بەچەکدار نەکردنی منداڵان و پاراستنی ژنان لە پەراوێزی بزووتنەوە چەکدارییەکاندا لە وڵاتانی جۆربەجۆری جیهاندا بەڕێوەیان دەبا و چۆنیەتیی ناساندنی ڕێکخراوەکە و شۆڕکردنەوەی پرەنسیپە مرۆییەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ نێو ڕێکخراوە کوردییەکان بەتایبەتی

GENEVA CALL
APPEL DE GENÈVE
LLAMAMIENTO DE GINEBRA

لە پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی نیزامییاندا، دوایین زانیاری و بەدواداچوونەکانیان خستەڕوو.

هەیئەتەکەی ناوەندی منالپارێزی و یەکێتی ژنان و کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامییش وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە پێوەندی و هاوکاریی بەردەوامی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵیان، لە گۆشەنیگای تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە دوایین زانیارییەکانیان لەپێوەندی لەگەڵ بوارەکانی کاری ئەو ڕێکخراوە و ڕوانگە و پێویستییەکانی خۆیاندا بۆ هەیئەتی میوان خستە ڕوو. لە کۆتاییدا هەردوولا سەبارەت بە ئاجێندای بەرنامە و هاوکارییەکانی مانگەکانی داهاتوو لەبواری بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و وۆرکشاپ و کاری هاوبەشدا گفتگۆیان کرد.

دریژەی:

# پیرۆزبایی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەینو بۆ ئێوەو یەک بە یەکی ئەندامانی کابینەو حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان بە گشتی سەرکەوتنو سەربەرزی لە ئەرکە پێسپێردراوەکانتان دا بە ئاوات دەخوازین.

کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،لە هەلومەرجێکی هەستیاردا، شانازیی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستانی کەوتووەتە ئەستۆ. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیو هیوادارییە، بنکەفراوانیی کابینەکەو هاوبەشیی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی باشووری کوردستان لە حکوومەتو پارلمانی کوردستان داو پشتیوانیی بەرینی خەڵک لە کابینەی نوێیە. لە لایەکی دیکەوە بە خۆشییەوە شانسو ئاسۆی نوێ لە بەر دەم پرسی کورد بە گشتیو بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان دا هەن. هیوای ئێمە ئەوەیە کابینەی هەشتەم دڵگەرم بە پشتیوانیی یەکگرتووانەی خەڵکو سەرجەم لایەنە سیاسییەکانو پشت ئەستوور بە گیانی تەباییو هەستکردن بە بەرپرسیارەتیی ئەندامانی، لە جێبەجێکردنی ئەرکە پێسپێردراوەکانو وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی پارلمانو خەڵکی کوردستان دا سەرکەوتوو بێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**۲۱ی ژوئەنی ۲۰۱٤**

# بەڕێوەچوونی سمیناری «ئەمڕۆو داهاتووی سیاسیی ئێرانو ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن»

ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٣ لە زانکۆی ئۆسلۆ بە بەشداریی « کاوە ئاهەنگەری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانو محەممەدڕەزا حەیدەری، وتەبێژی کەمپینی سەوز، عەبباسی شوکری ڕۆژنامەنووسو لێکۆڵەری فەرهەنگی، فەروخ نێعمەتپوور لە ڕێکخراوی فیداییانی ئێران (ئەکسەرییەت)، عەبدوڵڵا حیجاب چالاکی سیاسی، پەرویز لاشاری لە حیزبی خەڵکی بەلووچستان پێک هات.

پانێلی یەکەمی سمینارەکە بۆ باسەکانی محەممەد ڕەزا حەیدەری، محەممەد شەکووریو فەروخ نێعمەتپوور تەرخان کرابوو، حەیدەری لەژێرسەردێری «یەکێتی، ئۆپۆزیسیۆنو ڕێبەری» بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویو فروفێڵی دەسەڵاتدارانی ئیسلامیو دزینی دەنگەکان، باسی لە ئیرادەی خەڵکی ئێران بەبێ دارشتنی پلانێکی پێشوەخت بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە بڕیاری دەسەڵات بۆ گۆڕینی ئاکامەکانی هەڵبژاردن کرد.

پاشان عەبباس شوکری کە لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە شرۆڤەی سیاسەتی کرد، پێی وابوو کاتێک باسی فەرهەنگ دەکەین ناتوانین لە سیاسەت خۆ بشارینەوە، ئەگەر تۆزێک دڵسۆزیمان بۆ ئەم وڵاتە هەبێ ناتوانین تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە بڕوانینە سەرجەم کۆمەڵگای سیاسی ئێران. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەڕوانینە ئەو شادیو خۆشییە کاتییانەی کە بەداخەوە لە ئێران بۆ گەنجان دێتە پێش، بەڵام حکوومەت خوازیاری ماتەمین، گریانو خەمە، بەڵام ئەوەی لاوان دەینوێنن شادیی لە کۆیلەیی دایەو شادیی لە کۆیلەیەتی‌دا بایەخی زۆر نیە، بریا تۆزێک لە ئومێدەکانو شادییە کاتییەکان ببێتە کۆمەڵێک لە هەڵبژاردنی تاکە کەسیو ویستی گشتیی بەردەوام.



دواتر فەروخ نێعمەتپوور لە ڕێکخراوی فیداییانی ئێرانیش باسەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی سیاسی ئێراندا بەسەر دوو خاڵدا دابەش کرد، خاڵی یەکەم: هەلومەرجی سیاسیی لە ئێراندا چۆنەو بەتایبەتی مەسەلەی حاکمییەتو دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی. خاڵی دووهەم: هەلومەرجی ئۆپۆزیسیۆنو کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران‌دا.

ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمە بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتی کە هەیە جەرەیانێک یان ڕووداوێک کە لەناو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا دێتەگۆڕێ کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگای ئێمە هەیەو کاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر دەسەڵاتو پێوەندیی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگا هەیە. لەم گۆشەنیگایەوە ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆن یان هێزەکانی جیابیر، یان هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەمیشە ناچار بووین بە جۆرێک ڕوانینمان بۆ دەسەڵاتی سەرەوە هەبێ. لێکدانەوە بۆ ئاڵوگۆڕەکانی بکەین، کاردانەوەکانی بۆسەر کۆمەڵگاو ئەوە کە کۆمەڵگا چۆن دەتوانێ لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵات‌دا کێشەو گرفتەکانی بەرەوپێش بەرێ.

پەرویز لاشاری لە حیزبی خەڵکی بەلووچستان بیروبۆچوونی حیزبەکەی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانی حاکمییەتی ئیسلامی بۆ بەشدارانی سێمینارەکە شیکردەوە. بە دوای ئەودا عەبدوڵڵا حیجاب چالاکی سیاسی گوتی: یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە لە سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێران‌دا زۆر ئاشکرا دێتە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە لەجیاتی دەستپێکردنی گفتوگۆی سیاسیی لەنێوان هێزەکان، لەجیاتی دەستپێکردنی دیالۆگ لەنێوان هێزەکان‌دا، ئێمە زۆرتر لە کۆبوونەوە تایبەتییەکانی خۆمان‌دا بەشداریی دەکەینو زۆربەی بەشدارانی کۆبوونەوەکانیش یان ئەندامانی حیزبێک یان کەسانێکی تایبەتین کە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبن، بۆیە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان لە دوارۆژی ئێران نەبوونی دیالۆگ یان گفتوگۆی نێوان هێزە سیاسییەکانە.



دوایین کەسی بەشداری پانێلی دووهەم، کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب بوو کە باسەکەی تایبەت بە باس لە سەر وەزعی ئێستای ئێران کردبوو. ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەوەی خەڵک لە ڕەوشێکی زۆر نالەباردا دەژین، بێجگە لەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە شێوەی ڕێکوپێک پرۆژەگەلێکیان لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوو بۆ جێبەجێ کردنو درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی خۆیان لەناو خەڵکدا بەڕێوە بردوە، خەڵکیش توانایی ئەوەیان هەیە کە ببنە هۆی پێکهاتنی پچرانی جۆراوجۆر لەناو خۆی ئێرانو لەنێوان گەلانی ئێران دا.

کاوە ئاهەنگەری بە ئاماژە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو کێشەی ئابووری لە ئێستای ئێراندا گوتی ئەو کێشانە یەکجار زۆر لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگادا هەیەو بەتایبەتی لە بیست ساڵی ڕابردووەوە ئەو جیاوازییە زیاتر بووەو جیاوازیی سیاسی هەیە بەهۆی نەبوونی دیالۆگی بەردەوامو ئەرێنی لەنێوان هێزە سیاسییەکان‌دا.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٧٠ ساڵ خەباتی «سارمخان سادق وەزیری»

ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردان بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیو ئەدەبیو نوێنەری حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان ڕێورەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانی دکتۆر سارمخان سادق وەزیری لە شاری فرانکفۆرتی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا دوای خوێندنەوەی پەیامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێورەسمە فیلمێکی دیکۆمێنتی لە سەر ژیانو خەباتی سادق وەزیری پیشان درا.

پاشان کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانو ئێران پەیامی خۆیان بەو بۆنەیە خوێندەوە کە پەیامەکانی مامۆستا عەبدووڵڵا حەسەنزادەو کاک جەلیل گادانیو پەیامی محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان چەند



پەیامێک بوون لەو ڕێورەسمەدا خوێندرانەوەو لە سەرجەم ئەو پەیامو بروسکانەدا باس لە خەباتو تێکۆشانی سادق وەزیری لە پێناو ئازادیو گەلی کورد کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا سارم سادق وەزیری وتەیەکی پێشکەش کردو بە ئاماژە بە دەیان ساڵ خەباتو تێکۆشانی خۆی لە پێناو ئازادیو سەربەستی گەلەکەیدا، هاوکات باسی لەو کەندو کۆسپانە کرد کە بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتو تێکۆشانی هاتوونەتە سەر ڕێی.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا کۆمەڵێک پێشنیارو ڕاسپاردەی لە پێناو یەکڕیزیی هێزەکانی سیاسیی کورد هێنایە بەرباسو تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبەکان بە هاوفکریی لەگەڵ یەکتر لە کاتە پێویستەکان دا هاوهەڵوێست بن.

# بەڕێوەچوونی سمیناری زانستیی «لێکدانەوەی لادانە جنسییەکان و خووگرتوویی لە منداڵاندا»





ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێکی لەژێر ناوی» لێکدانەوەی لادانە جنسییەکان و خووگرتوویی لە منداڵان» ی بۆ دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، شەهین بایزیدپوور، توێژەری کۆمەڵایەتیو فەردین کەریمی، کارناسی دەروونناسی بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا کە ٢٧ ی جۆزەردان بە بەشداریی کادرو پێشمەرگەکانی پێرسونێلی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، سەرەتا لە پەنێلی یەکەم‌دا فەردین کەریمی بە شیکردنەوەی بابەتی «خووگرتنی منداڵان بە ماددە هۆشبەرەکان» لە ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی، لایەنەکانیو هۆکارەکانی تووشبوونی منداڵان بە ماددە سڕکەرەکانی شیکردەوە.

ناوبراو بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە، سەرەڕای ڕێگرییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئامارە وردو ڕاستەکان لەو پێوەندییەدا، گوتی: «بە داخەوە بە پێی ئاکامی توێژینەوە زانستییەکان دەرکەوتوە کە ڕێژەی خووگرتنی منداڵان بە ماددە هۆشبەرەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێ.

کەریمی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە پرژانەسەر بابەتی لادنە جنسییەکان ئاماژەی بە پەرەسەندنی دەستدرێژی جنسی بۆ سەر منداڵان کردو گوتی بە پێ ئاخرین چاپی دەفتەرچەی «ڕێنوینی تەشخیسو ئاماری نەخۆشینە دەروونییەکان(DSM )»، سەدی ١٠ تا سەدی ٢٠ ی منداڵانی ژێر ١٨ ساڵان بە جۆرێک بەرەوڕووی دەستدرێژی سکسی یان مەترسیی توشبوون بەو حاڵەتە بوونەتەوە.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا شەهین بایزید پوور بە پرژانە سەر کێشە کۆمەڵایەتیەکانو بەستێنەکانی خولقاندنی ئەو کێشانە ئاماژەی بە چەند نموونەی مەیدانیو ئاماری کرد.

ناوبراو تیشکی خستە سەر ئەو نموونەو فاکتانەی کە خۆی چ لە کاتی چالاکییە مەدەنویەکانو چ کاتێ گیرانی لە زیندانەکانی ورمێو مەهاباد بە چاوی خۆی بینیبوویو کاری لەسەر کردبوون. ناوبراو بە پێداگری لە سەر پەرەسەندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانو خەمساردی حکوومەت لەسەر چارەسەری ئەو دیاردەو کێشانە گوتی میدیاکانو چالاکانی سیاسیو حیزبە سیاسییەکان دەبێ بە وردیو شیاریی زیاترو بە شێوازی زانستیانە لەم جۆر باسانە بکۆڵنەوەو دۆزینەوەی ڕێکارەکان بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی لە ئێران فرمووڵە بکرێ.

# دیداری کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەو وڵاتە

هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە «ئامانج پیرمەو ڕەشید قازی» لە دەفتەری تایبەتی « پێرستی مولیر»، وەزیری پێشووی دەرەوەی دانمارک چاویان بە ناوبراو کەوت.

پێرستی مولیر کە ئیستا ئەندامی پارلمانی دانمارکە، لەو دیدارەدا لە سەر دەورو کاریگەی ئورووپاو جێگەو پێگەی وڵاتی دانمارک لە دارشتنی سیاسەتەکانی پارلمانی ئورووپا دا قسەی کردو هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش ڕەخنەیان لە سیاسەتی دووفاقیەتی وڵاتانی ئورووپایی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران گرت، بە تایبەت لەوەی کە حکوومەتی دانمارک ڕێگەی بە هێندێک لە دەمراستەکانی ڕژیمی ئێران دابوو بێنو لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە سمینارو کۆبوونەوەی گشتی، بە مەبەستی پڕۆپاگاندە بۆ ڕژیمی ئێران بگرن. لەسەر بارودۆخی نالەباری ئێرانو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت گەلی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوەو هەروەها دەستێوەردانی ئەو ڕژیمە لە کاروباری وڵاتانی جیهانو هاریکاریو پشتگیری ڕێژیمی سووریە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی هەیئەتی حیزب بوول بوون لەگەڵ ئەو ئەندام پارلمانەی دانمارک.

دریژەی:

# ڕاگەیاندراو سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پلینۆمی دەیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

هەر لەم پێوەندییەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە سەرەڕای ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە دنەدانی کۆمەڵێک کێشە و قەیران بۆ دراوسێکانی و وڵاتانی نزیک هەوڵ دەدا رۆڵی هێزێکی دەستڕۆیشتوو لە ناوچەکەدا بگێڕێ، بەڵام هاوکات بۆخۆی بەدەست کۆمەڵێک کێشەی جیددی لەبواری ململانەی نێوان باڵ و ژێرباڵەکانی خودی حاکمییەت، قەیرانی دارایی و ئابووری بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکاندا، قووڵبوونەوەی گیروگرفتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران و لە هەمووشی گرینگتر سووربوونی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو کۆمەڵگایە لەسەر خەبات بۆ وەدیهێنانی مافە مرۆیی و دێموکراتییەکانیاندا بەرۆکی ئەو ڕێژیمەیان گرتووە و ڕێژیم تا ئێستاش کە سێ دەیە و نیو لە حاکمییەتی رادەبرێ هەروا لە چارەسەی ئەم کێشانە و لە کپ کردنی دەنگی خەڵکدا داماو و دەستەوەستان ماوەتەوە.

لە گۆشەنیگای تایبەت بە کوردستانیشەوە، پلینۆم لەو باوەڕەدا بوو کە سەرەڕای بەردەوامیی سیاسەتی دژە مرۆیی و دژەگەلییانەی ڕێژیم و فشار و زەبر و زەنگی دام و دەزگاکانی سەرکوت دەرهەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان – پاش هاتنەسەرکاری سەرکۆماری نوێش– ، ویستی ئازادی و ئیرادەی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستان هەر لە جێی خۆیەتی. چالاکی و تێکۆشانی رۆڵەکانی کورد لەنێوخۆ بۆ بەربەرەکانی و خۆڕاگری لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕێژیمدا و بۆ هێنانەگۆڕێی مافە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانیان هەروا بەردەوام و بەشێوەگەلی نوێ لە پەرەئەستاندن دایە. هەربۆیەشە کۆمیتەی ناوەندی کار و تێکۆشانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە بەستێنە جۆربەجۆرەکانیدا بەرز نرخاند و لەو باوەڕەدا بوو کە بەدەر لە بابەتی بێ باوەڕی و بێ ئیرادەیی کۆماری ئیسلامییش بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر خەڵک و ڕێگەدان بە دروستبوونی بواری جموجۆڵ و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی، جێی خۆیەتی بژاردەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات لە هەر دەرفەتێک بۆ بە مەسەلە هێشتنەوەی پرسی کوردستان کەڵک وەربگرن. حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێویستە بەردەوام ئەو راستییەیان لەبەرچاو بمێنێ کە دەبێ مەیدان و مەبەستی سەرەکیی کار و خەباتی ئێمە نێوخۆی وڵات و روو بە نێوخۆی وڵات بێ و پێویستە لەمەوبەدواش بە ڕێکاری گونجاو بایەخ و گرینگیی زۆرتری پێ بدرێ.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لەبواری ئایین و ئایینزاکاندا پێویستە وەک دەوڵەمەندییەک و بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە سەیر بکرێن. هەر لەو کاتەدا بەڵام پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سوننی و شیعە و یارسان و هی ترەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیاندا یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بپارێزن و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی نەدەن کە بە مانۆڕە فێڵکارییەکانی خۆی لەو جۆرە فرەچەشنییانە بۆ درز خستنەوە لەنێوریزەکانی خەڵکی کوردستان و بە لاڕێدا بردن و گۆڕینی سروشت و جەوهەری مەسەلەی کورد لە ئێران کەڵکی خراپ وەربگرێ.

لەسەر ئاستی کوردستاندا بەگشتی، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای سەرنجدان بە دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، لەو باوەڕەدا بوو کە لە هەمان کاتدا کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر هەل و دەرفەتی لەبار بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لەو پارچانەی کوردستاندا لەگۆڕێدایە، بەڵام نیگەرانیی خۆیشی لە دابەشبوونی هێز و لایەنە کوردییەکان لە پەراوێزی ململانەی نێوان هێزە ناوچەییەکاندا و بەردەوامیی زێهنیەتی یەکتر قبووڵ نەکردن دەربڕی و دەفتەری سیاسیی حیزبی راسپارد کە پەیامی حیزبی دێموکڕات لەمەڕ پێشگیری لە بەردەوامی و قووڵبوونەوەی ئەو دابەشبوونانە بە چەشنێک کە کەلێن بخاتە یەکڕیزیی نەتەوەی کورد بە ئەکتەرە گرینگەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی بگەیەنێ.

لەپێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستاندا پلینۆمی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر گرینگیی یەکگرتوویی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لە مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و رووبەڕووبوونەوەی سیناریۆ و ئەگەرەکانی سەر ڕێ، نارەزایەتیی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بەشە لە وتەکانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەربڕی کە بۆتە مایەی دڵگرانی و بریندار بوونی هەستی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کۆمیتەی ناوەندی وێڕای وەبیرهێنانەوەی رابردووی برایەتی و هاوپێوەندی و هەستی بەرپرسایەتیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەرهەق بە باشووری کوردستان و کارنامەی سەربەرزانەی حیزبی دێموکڕات لەبواری پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، وێڕای دەرک کردنی هەلومەرجی ئەمڕۆی پێوەندی و بەرژەوەندییەکانی حکومەت و لایەنەکانی هەرێمی کوردستان، لەو باوەڕەدا بوو کە هەم زەرووڕەت و ریساڵەتی یەکێتی و رووحی نەتەوەیی کورد و هەم تەنانەت بەرژەوەندیی جێگە و پێگەی هێزەکانی کورد لە باشووری کوردستان لە زەینی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەوە دەخوازێ کە بەرپرسانی ئەم پارچەیەی کوردستان بە چاوی حورمەتەوە بڕواننە رابردووی پڕشنگداری کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەم لەبواری خەبات و فیداکاری بۆ مافە رەواکانی خۆیان و هەم لەبواری هاوپێوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا و لە هەڵوێست و لێدوانەکانی خۆیاندا هەستی رۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەگشتی خەوشدار نەکەن.



ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر باکووری کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە تا ئەو جێگایەی لە بەرژەوەندی درێژخایەنی دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە تورکیەدایە، پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێ کە بەستێنێک کە بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لەڕێگای سیاسی و دیالۆگەوە لەو وڵاتەدا هاتۆتە پێش لەبار نەچێ. سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستانیش، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای دووپاتکردنەوەی ئامانجییەکڕیزیی هێزەکانی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا و پێویستیی پێکهێنانی بەستێنێکی ئاوەڵا و هەمەلاگیر بۆ بەشداری و بڕیاردانی هاوبەشی هەموو هێزەکان لە چارەنووسی ئەم پارچەیەی کوردستاندا، بەشداری نەکردنی کانتۆنەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە شانۆسازییهەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە جەرگەی قەیرانی خوێناوی و ماڵوێرانکەری ئەو وڵاتەدا بەڕێوەی برد بە هەڵوێستێکی دروست و لەجێی خۆیدا زانی.

لەسەر ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ وەبیرهێنانەوە و بەداخبوونی لە هەموو ئەو پەرش و بڵاوی و کەموکوڕییانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەردەوام بەدەستیەوە دەناڵێنێ، پێویستیی درێژەدانی پێوەندی و دیالۆگ لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێران بەمەبەستی دروستکردنی تێگەیشتنی هاوبەش سەبارەت بە دوارۆژی سیاسیی ئێران و دابینبوونی مافە رەواکانی نەتەوەکانی ئەو وڵاتەی دووپات کردەوە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لەگەڵ ئەوەدا کە کەشی ئێستای نێوان هێز و لایەنەکان بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا مایەی خۆشحاڵی و دڵگەرمییە، بەڵام هەر لەو کاتەدا پێویستە ئەو کەشە گونجاوە لە پێوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوارچێوە و ڕێکاری بەکردەوەی لەبواری خەبات و تێکۆشانی هاوبەش و دروستکردنی ئیرادەی تۆکمەتری نەتەوەیی و گڕوتین بەخشین بە خۆڕاگری و خۆڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا لێ بکەوێتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە پرسی نێوان دێموکراتەکان و وەستانی دانیشتنەکانی نێوان دوو لایەن، ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لێکدانەوە و خوێندنەوەی خۆی بۆ هۆکارەکانی وەستانی ئەم دانیشتنانە هەیە، بەو حاڵەش،کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسیی حیزبیراسپارد کە تا ئەو جێگایەی بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆ دەسپێکردنەوەی ئەو وتووێژانە و لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرەیەکی هاوبەش بۆ ئەم کێشەیە یارمەتیدەر بێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی دەیەمی کۆمیتەی ناوەندیدا، هەر کام لە کۆمیسیۆن و ئۆرگانە سەرەکییەکانی کاروباری حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات راپۆرتی کار و تێکۆشانی یەکساڵی رابردووی خۆیان پێشکەش کرد کە لەلایەن ڕێبەریی حیزبەوە ئەو راپۆرتانە هەڵسەنگێندران و وێڕای دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کار و تێکۆشانی بەشە کارییە جۆراوجۆرەکانی حیزب ڕێنوێنی و بڕیاری پێویست لەو پێوەندییەدا بەپەسند گەیشت.

لە بەشێکی دیکەی کارەکانی پلینۆمدا، ئایین‌نامەیەک کە دەفتەری سیاسی سەبارەت بە بنەما و چوارچێوەی ئەرک و رۆڵی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی ئامادەی کردبوو، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە کەوتە بەر باس و پەسند کرا.

پێویستە بگوترێ کە لە دوایین بەشی کارەکانی پلینۆمی دەیەمدا،دوو کەس لە ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی وەک ئەندامی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و سەرەنجام پاش چوار ڕۆژ کار و گفتوگۆی بەردەوام پلینۆم کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ ی جۆزەردانی ١٣٩٣**
**(١١ ی ژووئەنی ٢٠١٤)**

---

# هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی عێراقدا

هێرش‌و پەلاماری ئەم دوایانەی چەکدارەکانی گرووپی توندڕەوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام(داعش) بۆ سەر سوپاو دام‌و دەزگاکانی حکوومەتی لە پاریزگای نەینەوا، دەست بە سەرداگیرانی شاری مووسڵ‌وناوچەیەکی بەرین لە ڕۆژاوای عێراقی لە لایەن ئەم گرووپەوە لێ کەوتەوە. ئەم ڕووداوانە خۆبەدەستەوەدان‌و پاشەکشەی سوپاوهێزە حکوومەتییەکانی دەولەتی عیراق لە لایەک‌و ئاوارەبوونی سەدان هەزار لە خەلکی شارو ناوچە شەڕلێدراوەکانی بە دواوە بوو.

وەک دەزانین بەشێکی بەرچاوی هێرش‌و پەلامارو ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە لە دراوسێیەتیی خاکی هەرێمی کوردستان‌و بە تایبەتی لە نزیک ئەو ناوچە کوردیانە ڕوویان داوە کە لە مێژساله بە زۆرو داگیرکردن، لە کوردستان دابڕێندراون. باوەشکردنەوەی خەڵک‌و حکوومەتی هەریمی کوردستان بۆ ئاوارەکانی شەڕو ئاڵۆزییەکانی چەند رۆژی رابردوو لە لایەک‌و چوونی هێزەکانی ئاسایش‌و پێشمەرگە بە هانای دانیشتوانی ئەم ناوچانە‌و پارێزگارییان لە گیان‌و ماڵی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەوێ،هەڵوێستێکی بەرپرسانە و نەتەوەییە کە حکوومەتی هەریم گرتوویەتە بەر.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕووبەڕوونەوەی ژیرانە،بەرپرسانە‌و نەتەوەیی حکوومەتی هەرێم، هیزە سیاسییەکان‌و دانیشتوانی کوردستان لە گەڵ ڕووداوەکان‌و بارودۆخی هەستیاری ئێستای ناوچەکە، بە درووست دەزانێ. ئێمە وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆمان لەم هەڵوێستە، لە سەر پێویستیی یەکگرتوویی هەر چی زیاتری خەڵکی کوردستان‌و یەکهەڵوێستیی سەرجەم هێزەسیاسییەکان لەم هەلومەرجەدا،پێ دادەگرین. هەر لەم کاتەدا بۆجارێکی دیکەش دووپاتی دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و خەباتکارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،پشتیوانی‌و پارێزگاری لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٣ /٣/٢٤**
**٢٠١٤/٦/١٤**

---

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٧ی فێرگەی سیاسی نیزامیی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان



بە کۆتایی هاتنی دەورەی ٢٠٧ی سەرەتایی پێشمەرگە، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کورد پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

ڕێکەوتی ٢٧ ی جۆزەردان ڕێوڕەسمی جێژنی کۆتایی فێرگەی سیاسی _ نیزامیی دەورەی ٢٠٧ی سەرەتایی پێشمەرگە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی « ئەی رەقیب»و ڕاگرتنی ساتێ بێدەنگی بۆ ڕیزدانان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد.

لەو ڕێورەسمەدا کاک حەسەن خوشکەلام، ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەو دەورەیەی فێرگەی سیاسی نیزامی وتارێکی پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە پەیامەکەیان‌دا وێڕای لێکدانەوەی دوایین ئاڵۆگۆڕەکانی ناوچەو بەشەکانی کوردستان پڕژایە سەر پرسە ڕۆژەڤەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و، قەیرانی ئابووری‌و مادەسڕکەرەکانی بە دوو کێشەی هەرە گرینگی ئەو بەشەی کوردستان‌و ئێران ناوبرد. لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا ڕاپۆرتی فێرگە لە لایەن کاک تەها باتیگوڵ خوێندرایەوە. ناوبراو ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانیانی فیرگە لە پێوەندی لەگەڵ کاری پەروەردەیی فێرگە لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا خستە ڕوو.

سروودی « مێژووی دێمۆکرات بە خوێن نووسراوە« لە لایەن چەند بەشداربوویەکی دەورەوە وترایەوەو پاشان پەیامی فێرگە لە لایەن کاک سەید ئەنوەر بەروەندیو، پارچە هونراوەیەک لە پەسنی پێشمەرگە لە لایەن ئیبراهیم عومەری پێشکەش کران. لە دوایین بەشی ڕێورەسمەکەدا خەڵات بە سەر سەرکەوتووانی دەورەکەدا دابەش کرا.

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## گوشار هێنانی هێندێک جاش بۆ لاوەکان بۆ چەکهەڵگرتن



چەند کەس لە جاشەکان بە ناوەکانی محەممەد پیری، لوقمان زەرزا، مامەند بەخشندە و یوسف کاکۆڵی، گوشاریان بۆ خەڵک بە تایبەتی لاوەکان هێناوە کە ببن بە جاشو بەسیجی. دیارە خەڵک هیچ حیسێبێکیان بۆ قسەکانیان نەکردوە و هیچ کەس تەسلیمی داواکەیان نەبووە. بەلام ئەو جاشانە دەستهەڵگر نینو دەیانهەوێ بە تەماع وەبەرنانو گوشاربۆ هێنان، هێندێک کەسی دیکە بۆ چەکهەڵگرتنو هاوکاریی دامودەزگا بەدناوەکانی ڕێژیمو خراپە بەرامبەر خەڵک لە پێناوی پووڵو پارە دا پەیدا بکەن بۆ ئەوەی هەر خۆیان ڕسواو رووڕەشی نێو خەڵک نەبنو هاوچارەنووسی دیکەشیان هەبێ!

**کاوە لە شنۆوە**

**

## چاوەروانیی خەڵک لە ڕاگەیەنەکانو حیزب و ڕێکخراو و چالاکانی کورد

لە پێوەندی گەڵ پەرەگرتنی دیاردەی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکاندا

دیاردەی بازرگانی بە مادە سڕکەرەکانو کێشانو بەکارهێنانیان لە ئێرانو بە تایبەتی لە شارە سنوورییەکان، بۆ وێنە پیرانشار بەردەوام لە زیادبوون دایە بە شیوەیەک کە مێشکو بیری بەشێکی زۆری خەڵکی بە خۆوە خەریک کردوە.

دروستکرانی ماددەی سڕکەر لە کارگەو ئاشپەزخانە خۆجێییەکان وای کردوە ئەم ماددە ماڵوێرانکەرانە بە هاسانی دەستی خەڵک بکەونو ژمارەیەکی زیاتری خەڵک گیرۆدەیان بن. ئەوەی راستی بێ خەڵک داوایان ئەوەیە کەسانی سەرشناس کە دەستیان لە بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەر داهەیە لەقاو بدرێنو تەنانەت چاوەڕوانن حیزب و ڕێکخراوە خەباتکارەکان سزایان بدەن.

هەروەها داوایان ئەوەیە چالاکانی سیاسیو کولتووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنی، راگەیەنە کوردییەکان، حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بەردەوام لە بارەی ئەو دیاردەیەو ئاسەوارە زیانبارەکانی ڕوونکردنەوە، وریاکردنەوە و ڕێنوێنی بدەن.

لە پیوەندی لە گەڵ پەیجی هەڵمەتی بەربەرەکانی لە گەڵ مادە سڕکەرەکانیش دا، ئەوکەسانەی لێرە من دەیانناسمو سەردانی ئەم لاپەرەیە دەکەن، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبن. بەڵام چاوەڕوانن قسەی تازەو جیددیی تێدا بکرێ. هەروەها داوایان ئەوەیە سەربردەی ئەو کەسانەی تێدا بڵاو بکرێتەوە کە بوون بە قوربانیی ئەو بەڵا مالویرانکەرەو بنەمالەو ژیان و کارو هەموو شتێکی خۆیان لەم ڕێگایەوە لە دەست داوە.

**لە پیرانشارەوە: کەماڵ**

## «بەسیجیی چالاک» کەمتر بوونەوە!

دیاردەی بە بەسیجی کردنی خەڵک، چەند ساڵێکە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، زۆر گرنگیی پێ دەدرێ. هەوڵو گوشارەکان بۆ بە بەسیجی کردنی خەڵک هەر ئێستاش درێژەی هەیە. لە راستیدا کارێکی وایان کردوە ڕاپەراندنی زۆربەی کارە ئیدارییەکانی خەڵک لە دامو دەزگا و ئیداراتی دەوڵەتیو حکوومەتی، بە جۆرێک بەسترابێتەوە بە بەسیجی بوونی ئەوان. بەلام ئەوەندەی من بەدواداچوونم بۆ کردوە و هەستم پێ کردوە، ئەوانەی بەسیجی چالاکن، ژمارەیان کەمتر بۆتەوە. راستییەکەی لەوانەیە کەسانێک لە ترسی گیرپیدان لە ئیدارات و هتد، قبووڵی ناونووسی لە بنکەو ستادەکانی بەسیجیاندا کردبێت، بەڵام دەزانن بەسیجی بوون، جیاوازییەکی لە گەڵ جاشەتیو هاودەستی لە گەڵ دامودەزگای ئیتلاعاتو سوپا نییەو ئەمەش یانی ڕسوابوون لە نێوخەڵک. هەر بۆیە بەشی زۆری ئەو کەسانە، کارێکی وایان کردوە بەسیجی بوونەکەیان هەر بە ناو بێتو بە کردەوە خۆلەجیبەجیکردنی چاوەروانییەکانی دامودەزگاکانی ڕێژیم دەبوێرن.

**لە شنۆوە : احمد. ص**

**

## لە ڕێگای بۆکان- سەقز، ڕووداوی ماشێن ٣ کوژراوی لێ کەوتەوە



ئەمرۆ٢١یجۆزەردان، کاتژمێرەی سەرلەبەیانی لە سەر ڕێگای بۆکان- سەقز، لە ١٠ کیلۆمیتریی بۆکان لە نزیک ئاوایی کوچکی خواروو، جیب گالانتێک لە گەڵ ماشێنێکی گەورە لە جۆری تریلی، لێکیان دا. ئەم ڕووداوە کوژرانی ٣ کەسی لێکەوتەوە کە دوانیان برا بوون.

**هیوا چیا لە بۆکانەوە**

**

## کوژرانی دوو کەس لە ناوچەی بانە بە تەقەی چەکدارەکانی ڕێژیم

ڕۆژی ٥ی جۆزەردان هیزە ئینتیزامییەکان لە نێو کەوپێچ تەقە لە پۆلێک کاسبکار دەکەن. لە ئاکامدا کەسیک بە ناوی ئەحمەدی کاک ساڵحی،٢٢ ساڵە، خەڵکی ئاوایی میراوێی خواروو، دەکوژرێ.

ڕۆژی ١٠ی جۆزەردانیش کاسبکارێکی کورد بە ناوی عەلی مستەفایی کوڕی حەسەن، لە سنووری شەهابەددین لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە تەقەی لێکراو گیانی لە دەست دا. ناوبراو تەمەنی ٣٨ ساڵ بوو و خاوەن ژن و منداڵ بوو.

**باڵا لە بانەوە**

**

## بڕیارەکانی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ کۆنترۆڵی کافی نێتەکان



ماوەیەک لەمەوبەر ئیدارەی ئیتلاعاتی ئوستان (پارێزگای ورمێ) چەندین کۆبوونەوەی لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتیی کۆنترۆڵی کافی نیتەکان پیک هێنا. ئاکامی ئەو کۆبوونەوانە ئەم چەند بڕیارە بووە:

١- دانانی کامێرای چاوەدێری (مدار بستە) لە هەموو کافی نێتەکان

٢- بە مەرجی پێشاندانی کارتی میللی، ڕێگە بە مشتەرییەکانەوە دەدرێ لە کافی نێتەکان کاری ئەنترنێتی خۆیان بکەن.

٣- لە هەر کافی نێتێک، دەفتەرێک دادەنرێ بۆ تۆمارکردنی کاتی هاتن و ڕۆیشتنی هەر مشتەرییەک. ژمارەی کارتی میللی و ئادرەسی ماڵ و ژمارەی موبایلەکەشی تۆمار دەکرێ.

(لە مەهاباد نزیکەی مانگێکە ئەم ڕێوشوێنانە بەڕێوە دەچنو هەموو کافینێتەکان ئەمریان پێ کراوە هەر جۆرە جموجۆڵێکی جێگای گومان،، دەسبەجێ بە ئیدارەی ئیتلاعات ڕابگەیەننو دەفتەری تۆمارکردنی زانیاریی مشتەرییەکانیش هەموو ڕۆژێ بە وردی پڕ بکەنەوە). ئیدارەی ئەماکینی مەهاباد بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە.

دامەزراندنی بەسیجییە چالاکەکان بۆ جاسووسی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە

ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد لە هەوڵ دایە لە گوندەکانی مەهاباد بە گوێرەی حەشیمەتی هەر گوندێک کەسانێک وەک مووچەخۆروبەکرێگیراو ئیستیخدام بکا بۆ ئەوەی کاری جاسووسیو هەواڵگرییان بۆ بکەن. جاران بەسیجییەکان بە پێی حەزو ئیختیاری خۆیان راپۆرتیان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات دەنارد. بەڵام ئێستا ئیدارەی ئیتلاحات دەیەوێ لە نێو بەسیجییە چالاکەکاندا، کەسانێک کە رابردووی زیاتریان لە خەیانەت و خۆشخزمەتیدا هەیەو لە مێژ ساڵە بەسیجین، بۆ مەبەستی سیخوڕی وراپۆرتدانەوە، دابمەزرێنێو بەشێوەی مانگانە مووچەیان پێ بدا.

دیارە گەڵاڵەی ئیستیخدامی بەسیجییە کۆنەکارو خۆشخزمەتەکان، سەرانسەرییەو نزیکەی مانگێکە بە ناوەندی پارێزگاکانو ئیدارەی شارستانەکان راگەیەندراوەو ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهابادیش خەریکە لەم ناوچەیە جێبەجێ دەکا.

**لە مەهابادەوە: س.ب.ک**

**

# یادی ٣٤ ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستان



**برایم چوکەڵی**

ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٣، سیوچوارەمین ساڵرۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانە. ئەوەی ئەمڕۆ لەو کورتە باسەدا یادی هەڵکردنی مۆمی ٣٥ ساڵەی رادیۆ دەنگی کوردستان دەکەینەوە زۆرتر دەبێ ئاوڕ لە سەرەتایی دامەزرانیو ساڵەکانی سەرەتایی بدەینەوە کە ئەو کات وەک دەنگی بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی کوردستان لەمانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ بە سەرەتاییترین ئیمکانات دەستی بە کار کردو لە ماوەی ٣٤ساڵ کاری بەردەوامی خۆیدا لەگەڵ ئەو هەمووە گیروگرفتە جۆراوجۆرەی لە سەر ڕێگای بووە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە گوڕو تینەوە درێژەی بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی داوە.

رادیۆ کوردستان لە کاتێکدا دامەزرا کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی بەربڵاویان کردە سەر کوردستان و لە راگەیەنەکانیشیان فڕوفیشاڵی درۆو ریاکارانەیان بۆ خەلک بڵاو دەکردەوەو تا تۆوی دووبەرەکیو ناهۆمێدی لەنێو خەلکی دا بچێنن، بە تایبەتی ئەوکات پێشمەرگە بەرەبەرە لەشارەکان دەهاتەدەر، بۆیە دامەزرانی دەنگی کوردستان لە هەڵومەرجێکی ئەوتۆدا پێویستییەکی مێژوویی بوو.

لەماوەی کاری رادیۆ کە ببووە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو سەری بە هەموو ماڵو کەلێنو قوژبنێک دا دەکرد، هەر لەو کاتەدا یەکێک لە هەدەفەکانی کۆماری ئیسلامی بوو ئەوەندەی لە توانایان دابوو شوێنی رادیۆ بدۆزنەوەو بۆمبارانی بکەن بەڵکوو ئەگەر بۆیان کرابوایە بۆ ماوەیەکی کاتیش دەنگی حەقخوازانەی کورد بێ دەنگ بکەن ئەگەرچی زۆرجار گرمەی تۆپو مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی، بێژەرانی رادیۆی راچڵەکاندوە بەڵام لەکار نەوەستاونو لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتانەی لەسەر ڕێگای بوون ئەو رادیۆ خنجیلانەی کە لەسەردەمانێک چرای ڕووناکی نەتەوەی کوردبوو هەر درێژەی بە کاری خۆی دا.

خۆشەویستی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لای کۆمەلانی خەڵک لەوەدابوو کە لە هەموو هەلومەرجیکدا راستییەکانی بە کۆمەڵانی خەلک دەگوت، ئەگەر ژمارەیەکی زۆریش پێشمەرگە شەهید بوایە رادیۆ راستییەکانی بڵاو دەکردەوەو و تەنانەت زۆرجاریش دام‌ودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی بۆ راستیودرووستی ئاماری شەڕەکان پشتیان بە هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان دەبەست. بۆیە لەلایەک چقڵی چاوی دوژمن بوو لە لایەکی دیکە جیگایەکی حاشا لێ نەکراوی لە نێو جووڵانەوەی کوردو کوردستاندا بۆ خۆی کردبۆوەو خۆشەویستو جیگای باوەڕو متمانەی نێو خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنابوو،



ئەوە شانازییەکی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەت ئەوانەی هەڵسورینەرانی رادیۆ بوون بە حەق دەبێ پێی بنازنو سەربەرز بن.

لەدنیای ئەمڕۆدا ئالوگۆڕێکی قووڵ بە تەکنەلۆژیدا هاتوەو پێشرەفتی زۆری کردوەو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو پێش هەنگاو دەنێ، بەڵام با ئەوچرا گەشاوە لە بیر نەکەین کە لەسەردەمانێکدا جێگای هیواوهۆمێدی خەڵکی کوردستانو ئاوێنەی راستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بوو.

ماوەتەوە لەو باسە کورتەدا بڵێین و ئاماژە بەوە بکەین کە زەحمەتو ماندووبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانو هەلسوڕاوانو کادرو پێشمەرگەی رادیۆ، لە ریبەرایەتیڕا بگرە تا پێشمەرگەیەکی سادە، کە ساڵانێکی بەردەوام زەحمەتیان کێشاو تکتک ئارەقەیان دەڕشت لە هەموو هەلومەرجێکدا بێ وچان و راوەستان بۆ ساتێکێش ریگایان نەدا ئەو رادیۆ بە نرخە لە کار بوەستێو زۆر جاریش لە گواستنەوەدا تەنانەت ئامادە بوون گیانی خۆیان پێشکەش بکەن، سپاس بۆ زەحمەتەکانیان، بۆ فیداکارییان، بۆ ماندووبوونی شەوو ڕۆژیان، لەراستی ئەوانەی بوونە هۆکاری بەردەوامبوونی رادیۆ جێگای شانازی حیزبی دیموکراتو خەلکی کوردستانن.

# ئاسۆیەکی تازە بۆ داهاتوی کورد



**مستەفا شەڵماشی**

ئاڵو گۆڕەکانی ئەم دواییانەی جیهان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی، ئاسۆیەکی تازەی بۆ بوژانەوەی کورد لە ئاستی نەتەوەیی‌دا لە گەڵ خۆی هێناوە. هەمو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە چەند مانگی ڕابردوو دا لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی جۆر بەجۆری دنیادا هاتونە ئاراوە، وێنای دەرفەتو هەلی تازە دەکێشن بۆ گەلانی ژێردەست بەگشتیو گەلی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی ژێردەست بەتایبەتی.

ڕاپەڕینی خەڵکی دوورگەی کریمە لە ئۆکراینو سەپاندنی ئەنجامەکانی ڕیفڕاندۆم بۆ چوونەوە سەر خاکی ڕووسیا، سەرەڕای نارەزایەت وڵاتانی ئەمریکاو ئورووپا و بە خشکە قەبووڵ کردنی ئەو مەسەلەیە وەک ئەمری واقیع، ئەوەی سەلماند کە کۆمەڵە خەڵکێکی دانیشتووی سەر نیشتمانێکی دیاریکراو، هەر ئارەزوویەکیان هەبێ، دەتوانن بیسەپێنن بەو مەرجەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو نیشتمانە هەم لە خەباتو هەم لە ویستەکانیاندا هاوبەشی بکەن. هەر گەلێک بە ڕاددەی ئەو بەشدارییە جەماوەریە دەتوانێ ویستەکانی خۆی بە دەست بێنێ کە تێی‌دا بەشداری دەکەن. قەرارو مەدارە نێو دەوڵەتییەکان کە لە ڕاستی‌دا هەروەڵاتەی لە چاویلکەی قازانجەکانی خۆیەوە بۆیان دەڕوانێ، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ڕێگر بن لە بەر دەم ئیرادەو ویستی گەلێکی دیاریکراو. لە ڕاستی ڕیفڕاندومی کریمە نیشانەی کاریگەریی ویستی جەماوەرە لە سەپاندنی ویستەکانی خۆی دا.

مەسەلەیەکی دیکە کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دا بە تەواوی خۆی نیشاندا، ئەوەیە کە هیچ گەلێک بە ئامانجەکانی خۆی ناگا ئەگەر چاوەڕوان بێ هێزی دەرەکی بە هانایەوە بێنو ڕزگاری کەن. دیارە ئەوە مەسەلەیەک نییە کە تەنیا لە ماوەی ساڵی ڕابردودا دەرکەوتبێ، بگرە بە درێژایی مێژوو هەر وابوە. نەتەوەیەک بۆخۆی ئەگەر لە مەیدان نەبێ، هیچ هێزێک حیسابی بۆ ناکا. لە مەیدان بوونیش واتە نیشاندانی ئەو پتانسیڵو هێزەی کە ئەو نەتەوە لە خۆی دا کۆ کردوەتەوە. هێزی بالقوە، پێویستە بگۆڕدرێ بە هێزی بالفعل، تا دۆست و دوژمن حیسابیان بێتە دەست. هیچ هێزێک ئامادە نییە سەرمایە گوزاری لەسەر توانایەکی نادیار بکا. چ سەرمایە گوزاریی سیاسی بێو چ سەرمایەگوزاریی ئابووری، دەبێ لە پێش دا زەمینەی دیارو لەباری بۆ برەخسێنرێو بەر لە هەمووشتێک لە لایەن خانەخوێوە دامەزراوەی بۆ دابنرێ. ئەو حیسابەی کە ئەمرۆ بۆ باشووری کوردستان دەکرێ، بەر لە هەمووشتێک بەرهەمی ئەو سەباتو ئەمنییەتو هێزەیە کە کورد بۆ خۆی پێکی هێناوە. بوونی هێزی پێشمەرگە، حیزبە خەباتگێڕەکان و هەستی نەتەوەیی لە وڵاتەکەدا، ئیعتیبار و توانای داوە بەو بەشە لە کوردستان تا وڵاتانی دنیا هان بدا، سەرەڕای وەزعی ئاڵۆزی عێراق بە گشتی، حیسابێکی تایبەتی بۆ کوردستان بکەن.

کورد پێویستە بە گشتی نرخی ئەو دەسکەوتانە بزانێ کە تا ئێستا بە خەباتێکی دژوار و قوربانیەکی بێ ئەژمار بە دەستی هێناون. هەروەها پێویستە بە ڕاددەی توانای خۆی، باوەڕبە خۆبوونیشی زیاد بێ و چیدیکە وەک قوربانی و لیقەوماو لە گەڵ دەور و بەری خۆی مامەڵە نەکا.

ئەنجامەکانی ئەو بزووتنەوانەی بە ناوی بەهاری عەرەبیەوە ناوبانگیان دەرکردو لە کۆتایی‌دا بە کێشەی نێوان دوو کلتووری جیاوازی کۆنە پارێزیو دێموکڕاسیخواز کۆتاییان هاتو لە زوربەی وڵاتە عەرەبیەکان‌دا بەربەرەکانیەکی توند بەینی ئەو دوو کلتورە هاتە ئاراوە، نیشانی‌دا کە دەکری خەباتی کوردو مێژووی خەباتی کورد ببێتە یەکەمین تاقیکردنەوەی سیستمی دێموکڕاسی لە هەمو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داو لە کۆتایی‌دا کورد بەرێتە ئاستی نەتەوە دێموکڕاتو پێشکەوتووەکان. هەرچەند



لە ئاستی کوردستانیش دا هەر ئەو دوو کلتووریە بوونی هەیەو بەربەرەکانی لە نێوان کۆنە پارێزیو دێموکڕاسیخوازی‌دا لە زۆربەی ئاستەکان‌دا درێژەی هەیە، بەڵام نیشانەکانی زاڵبوونی ویستی دێموکڕاسیخوازی بەسەر ویستی کۆنە پارێزی‌دا بە تەواوی دیارن. ئەوە کارێکی کردوە کە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی کورد، ببێتە تاقیکارییەکی بە نرخ بۆ سەقامگیربوونی دێموکڕاسی لە ناوچەی پڕ تەنگو چەڵەمەو دیکتاتۆری لێدراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. نەتەوەی کورد بەگشتی پێویستە شانازی بەو ڕۆڵەوە بکاو بە هەموو تواناوە هەوڵ بدا تا بیسەلمێنێ کە گەلێکی دێموکڕاسیخواز، ئاشتیخوازو پێشکەوتن‌خوازە و دەکرێ ببێتە هاوپەیمانێکی باوەڕپێکراو لە ناوچەکەدا بۆ هەموو هێزە دیموکڕاسیخواز و ئازادی خوازەکان لە ناوچەدا.

پێویستە کورد ئەم گرنگە وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی ببینێو لە هەنگاوە سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتیو کۆمەڵایەتیەکانی خۆی‌دا حیسابی بۆ بکا. هەربەو پێیەش دەبێ دۆستو دوژمنی خۆی بە باشی بناسێو هەڵسوکەوتو پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بناغەی ئەو مەسەلەیەو قازانجە نەتەوەییەکانی خۆی تەنزیم بکا. بە تایبەت کە هەروەک پێشتر ئیشارەمان کرد لە ناوچەکەدا، چەندین هێزی کۆنە پارێزو دژی کورد چالاکنو هێندێکیشیان دوژمنێکن کە کەوڵی دۆستیان بەسەر خۆیان‌دا داوە. لە ڕاستی‌دا کورد لە ناوچەکەدا دۆستی ڕاستە قینەی زۆر کەمنو ئەوانەی چاویان بە پێشکەوتن و بوژانەوەی کورد هەڵدێ زۆر دەگمەنن.

هەر بۆیە نەتەوەی کورد دەبێ وشیار بێ لە هەڵسوکەوتی لە گەڵ هێزەکانی وەک کۆماری ئیسلامی، داعش، ڕێژیمی ئەسەد، تورکیە، حکوومەتی مالکی، وڵاتانی عەرەبیو تەنانەت باسکە درێژەکانی هێزە دەرەکیەکان لە ناوچەکەدا. هیچ لایەنێک لەو لایەنانە بەدەر لە قازانجەکانی خۆی ناجووڵێتەوەو ناکرێ بێ هەڵسەنگاندنو لێکدانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. لەهەر پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو هێزانەدا پێویستە قازانجی گشتی هەموو نەتەوەی کوردو ئەمنییەتی نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرێ. تەنانەت دۆستایەتییەکانی ڕابردوو هاوسەنگەر بوون لە ڕابردوو دا نابێ لەم سەردەمەدا دیاریکەر بن. قۆناغێکی تازە لە مێژووی کورد دا هاتوەتە ئاراوە کە تێی‌دا کورد خاوەنی هێزی نیزامیی مۆدێرن، پەیوەندیی نێونەتەوەیی، دام و دەزگای خۆ بەڕێوەبەری، دامەزراوەی ئابووریو بەرهەمی خۆماڵی بەتایبەت دەرهێنانو پاڵاوتنی نەوتە. کورد چیدیکە لێقەوماوو دەربەدەرو پەنابەری وڵاتانی دەور و بەر و دەرەوە نییە. ڕەوا نییە ئێستاش خۆی هەر لەو چوارچێوەیەدا ببینێ و بۆ چارەسەری کێشەکانی مەزلومانە ڕوو بکاتە ئەو ناوەندانەی کە دایم خەریکی دارشتنی گەڵاڵە و پلانی لە نێو بردنی دەسکەوتەکانی ئەون.

لە هەمان کات دا حەق نییە بچێتە ژێرباری داسەپاندنی سیاسەتی هیچ وڵاتێکەوە. بۆ مەسڵەحەتی وڵاتان و بە ئامۆژگاریی وڵاتان و بە بەهانەی یارمەتیکردن بە سەقامگیری ناوچەکە، یا پاراستنی نەخشەی جوغرافی و سیاسیی ناوچەکە، دەست لە قازانجەکانی خۆی هەڵگرێو بە داهاتوویەکی نادیاریان بسپێرێ، لەسەر بناغەی قەوڵو بەڵێنی سەر کاغەز یا بەڵێنی فڵانو فیسار وڵاتی بە زاهیر دۆست. لەو پەیوەندییە دا گرنگترین مەسەلەی ڕۆژ هێنانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستانە بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستانو لەویش گرنگتر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە بۆ پاراستنی هەموو دەسکەوتەکانی نەتەوەیی، بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی بۆ هەموو کوردستانو دابین کردنی ئەمنییەتی نەتەوەیی.

# ڕووداوەکانی عێراقو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە



**عومەر باڵەکی**

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا هەر کام لەو چوار وڵاتەی کە کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە (ئیران، عیراق، تورکیەو سووریە) لە هەموو دەرفەتێک کەڵکیان وەرگرتوە کە شەڕو نێوان ناخۆشی بخەنە نێو ماڵی کوردو لەهەمان حاڵدا لە هەموو ئیمکاناتی خۆیان کەڵکیان وەرگرتوە کە پێشگیری بکەن لە دروست بونی دەوڵەتی کوردی تەنانەت زۆر جاریش هەوڵیان داوە بۆبە ئاکام گەیاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هەر پارچەیەک لە کوردستان لە ویستو داواکانی کورد کەڵکی خراپیان وەرگرتوەو کوردیان وەک فاکتەری فشار بۆ سەر یەکتر بەکار هێناوە، دیارە وایان خۆنیشان داوە کە پشتگیری لە دۆزی کورد دەکەن بەڵام کاتێک بەرژەوەندیان لەوەدا بێ پشتی کورد چۆڵ بکەن، بێ سێو دوو لێکردن پشتیان چۆڵ کروەو لەگەڵ دەوڵەتە نەیارەکە لە سەر کەوڵی کورد پێک هاتوون.

هەر لەو هەلومەرجە دا مێژوو دەست نیشانی ئەوە دەکا کە کورد هەموو کاتیک لە نەبوونی هاوپەیمانێکی ستراتیژیک لە ناوچەکەدا تووشی ئەو نەهامەتییانە هاتووە کە لە ڕابردوو دا رووویان داوە، بەڵام ئەگەر دەوڵەتانی ناوچەکە ویستویانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کورد وەک فاکتەرێکی فشار بۆ سەر یەکتر بە کار بێنن کوردیش هەوڵی داوە ئەوە بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوەو لە کەرەسەو ئیمکاناتی ئەو دەوڵەتانە بە دژی خۆیان و بە قازانجی خۆی کەڵکی لێ‌وەربگرێ. بەڵام هەر وەک ئێستا شاهیدین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهان توشی ئاڵو گۆڕێکی وابووە کە ڕۆڵی کورد لە ناوچەکەدا بەرچاوترو زەقتر کردۆتەوە.

عیراقو سووریە ئەو دەوڵەتە بە هێزانەی جاران نینو ئێران سەرقاڵی کێبەرکێیەکی توندە لە ناوچەکەداو لە هەمان کاتدا گەمارۆ ئابوورییەکانو کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی نێو دەزگای حاکمە ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونەو ئەگەری شێواوی لە ئێران‌دا دروست دەکاو تورکیە دەیهەوێ دەوڵەتێکی بە هێزی ناوچەکە بێتو تەنانەت ئارەزووی ئەوەی هەیە کە شکۆی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بۆخۆی بگرێنێتەوەو بۆ ئەوە پێویستی هەیە کە لە بواری ئابوورییەوە بەهێز بێو ئەمنییەتی نێوخۆی سەقامگیر بێو بتوانێ بچێتە نێو بازاری هاوبەشی ئورووپا. هەر بۆیە ماوەی چەند ساڵیکە لە سیاسەتی نێو خۆی‌دا ئاڵوگۆڕی پێوە دەبیندرێ بە تایبەتی سەبارەت بە مەسەلەی کوردو مافەکانی. دەبینین دوای تێپەڕبونی نزیک بە سەد ساڵ لە ژێر کاریگەری خەباتو بەربەرەکانی کوردو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچەکەدا دەوڵەتی تورکیە دان بە بوونی کورد دادەنێو دەرگای وتوویژ دەکاتەوە. هەر لە ژێر ئەو ئاڵوگۆڕانەدا لە باشووری کوردستان کورد خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیەتیو زیاتر لە ٢٠ ساڵە حوکمڕانی خۆی دەکاو لە پێوەندییە دیپلۆماسیەکان‌دا لە دنیای دەرەوە زۆر جاران وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لە گەڵ بەڕێوەبەرانی هەڵسو کەوت دەکرێ. لە خۆر ئاوای کوردستان کورد توانیویەتی جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی بۆخۆی دروست بکاو ئەگەر بتوانێ ماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە ڕەنگە لە دوارۆژدا فاکتەرێکی دیکەی بەهێز بێت هاوچەشنی هەرێمی کوردستان لە باشوور بۆ دۆزی کورد بە گشتی لە ناوچەو جیهان‌دا.

بە چاوخشاندن بەو ڕاستییانەی لەسەرەوە باسمان کردن پێویستە کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان‌دا بە وریایی زیاترەوە لەگەڵ ئەوە ئاڵو گۆرانە هەڵسو کەوت بکاو خۆی بۆداهاتوویەک ئامادە بکا کە سەردەمانێکی زۆرە خەونی پێوە دەبینێ. ڕەوتی ڕووداوەکان خێرانو سەرکردایەتی کوردیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەبێ بە خێرایی ڕووداوەکان لە سەر خەت بێو خوێننەوەو بڕیاری هەبێو لە هەلومەرجی پێویست دا بێ سڵ کردنەوە یارمەتیدەرو پشتیوانی یەکتر بن و ئەگەر وا نەکرێ ڕەنگە هەلەکان لە دەست بچن.

بە وتەی هێندێک لە لێکۆڵەرانی سیاسی هەلومەرجی ئێستای کوردستان وەک سەردەمی شەڕی چاڵدەرانی لێ‌هاتووە بەو مانایە کە کوردستان وەک فاکتەرێک وایە لە ناوچەکەدا بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی بەرژەوەندخوازیو ستراتژی تورکیەو ئیران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانو لەلایەکی دیکەشەوە لەسەردەمی ئێستادا کوردستان وەک فاکتەرێک وایە لەبەر چاوی زلهێزەکانو هێزە ناوچەیەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ستراتژی خۆیانو لێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیان.

هەر ئێستا تورکیەو ئیران لە ناوچەکە دا لە سەر بەرژەوەندییەکان لە حاڵی ململانێ دانو کوردستانو کوردیش لە خانەی معامەلەو ئیمتیاز دان بە یەکتری دایە لە سەر میزی هەردوو وڵات.

ئەوە تا ڕووحانی سەرکۆماری ئێران ڕاست لەو سەروبەندەدا کە ناوچەکە بە کۆمەڵێک ئالوگۆری چاوەڕووان نەکراوا تێپەڕ دەبێ سەردانی تورکیە دەکاو بە پێی سەرچاوەی هەواڵەکان دوای ٢٠ ساڵ ئەوە یەکەم سەرکۆماری ئێرانە کە بە ڕەسمی سەردانی تورکیەی کردوەو کورد بەو ڕابردوویە کە هەیەتیو پێشتریش بە کورتی باسمان کرد جێی خۆیەتی لەو پێوەندیو سەردانانە نیگەران بێو ئە پرسیارە لە خۆی بکا کە ئایا ئەو سەفەرە پیلانێکی بە دژی کوردی لە پشت نییە.

هەرچەند لە ڕابردووش‌دا پێوەندی ئێرانو تورکیە بە تایبەتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەورازو نشێوی بەخۆیەوە دیوە بەڵام خاڵی هاوبەشی کە هەر دوو دەوڵەت لەگەڵ یەکتر کۆیان دەکاتەوە، بوونی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازو ماف ویستە لە نێوخۆو سەرسنوورەکانیان کە بە هێزی پێشمەرگە تەیارە و لە مەیدانەکانی شەڕدا دەستی باڵا بە پێشمەرگە بووە هەر بۆیە هەردوولا هەوڵیان داوە لە کاتی ئاوادا ناکۆکیەکانیان وەلا بنێنو هاوکاری یەکتری بکەن بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکان. ئەو فاکتەرە هاوبەشە لە پێوەندی ئێرانو تورکیەدا بەشێک بووە لە ئوسوولێک کە ئاڵوگۆری بەسەردا نەهاتووە و جاریش نایە. هەرچەند ڕەوتی ڕووداوەکان لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا، تورکیەی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتە کە ڕێگای وتوویژ هەڵبژێرێ.

هەر ئێستا ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێو لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا بەشێک لە خاکی عێراق کە بە ناوچەی سوونەنشین بەناوبانگە لە لایەن چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام دەستی بەسەر داگیراوەو ئەرتەشی عێراق بە شێوەیەک تووشی شکان بوو کە نەیتوانی خۆی بگرێتەوە. ئەوەی جێی پرسیارە هێرشێکی لەو بابەتە



ل ٩

# دیاردەی داعش‌و گوتاری دەوڵەتی ئیسلامی

## ١_٢



رەحمان پیرۆتی

داعش، درێژەپێدەری رێبازی گرووپی «تۆوحید و جیهاد»ە کە بەرەی بەرەنگاری لە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق پێکی‌هێنا. ئەو گرووپە چالاکییەکانی تەنیا بە هێرش‌کردنە سەر سەربازانی ئەمریکایی بەرتەسک نەکردەوە و بە هێرشی ئینتحاری، شیعە و مەسیحی‌یەکانیشی کردە ئامانج. یەکەمین رێبەری «تۆوحید و جیهاد» ئەبومسعەب زەرقاوی، جیهادیی ناسراوی خەڵکی ئۆردۆن بوو. لە سەردەمی زەرقاوی‌دا، گرووپی «تۆوحیدو جیهاد» رێکخستنەکانی خۆی تێکەڵ بە رێکخراوی ئەلقاعیدە کردو بە «ئەلقاعیدەی عێراق» ناوبانگی دەرکرد. زەرقاوی لە ساڵی ٢٠٠٦ لە هێرشێکی هێزە تایبەتەکانی ئەمریکادا کوژرا و لەشوێن ئەو «ئەبوحەمزە ئەلموهاجر» بوو بە سەرۆکی «تۆوحید و جیهاد». هەر ئەو ساڵە «دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» بە رێبەری «ئەبوعومەر بەغدادی» و چەندین رێکخراوی چەکداری شیعەی وەکوو «جەیشی ئەلمەهدی» بەدژی داگیرکاری ئەمریکا، دروست بوون.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» چەندین چالاکی وەکوو ئازادکردنی زیندانیانی «ئەبوغرێب»، هێرش‌کردنە سەر بانکی ناوەندی عێراق و وەزارەتی دادی ئەو وڵاتەی لە کارنامەی خۆی‌دا تۆمار کرد. ئەلموهاجرو ئەبوعومەر لە هێرشی هێزە هاوبەشەکانی ئێراق‌و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٠ کوژران‌و «ئەبوبەکر بەغدادی» سەرۆکایەتی هەر دوو گرووپی گرتە دەست.

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق» لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەبوبەکر بەغدادی چالاکییەکانی پەرە پێدا و لە بەهاری ٢٠١٣ بەدواوە وەکوو هێزێکی سەربازی دیار دەرکەوت. لەو کاتەڕا، ئەو رێکخراوە چووە ناو بەرەی شەڕی ناوخۆیی سووریە. یەکێک لەو رێکخراوە چەکدارانەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە، «جیبهەی نوسرە» بوو کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ وەکوو گرووپێکی سەلەفی ئیسلامگەرای سەر بە ئەلقاعیدە خۆی رێکخستبوو. دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لەشوێن بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و «جیبهەی نوسرە» بەدوای دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی لە شام بوو. ئەو دوو هێزە سەرەڕای هەندێ جیاوازی، لە خاڵێکی بنەڕەتی‌دا بە یەک دەگەیشتن: بناژۆخوازی ئیسلامی جۆری سەلەفی. ریشەی سەلەفی ئەو دوو جەریانە لە لایەکو پێویستی یارمەتیدانی نیزامی یەکتر لە لایەکی تر، بووە هۆی ئەوە کە سەرەنجام لە ٩ی مارسی ٢٠١٣ ریزەکانی خۆیان یەکبخەن‌و «دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام» (داعش) دابمەزرێنن. ئەو رووداوە پاش ئەوە رووی‌دا کە هەر دوو رێکخراو، پێرەوی کردنیان لە «ئەیمەن ئەلزەواهیری» رێبەری ئەلقاعیدە راگەیاند.

تەقاندنەوەی ناوەندی ستادی هاوبەشی سووریە کە بووە هۆی کوژرانی وەزیری بەرگری رێژیمی ئەسەدو هەروەها تەقینەوە لە باشگای ئەفسەرانی ئەو وڵاتە، کاری هاوبەشی ئەو دوو رێکخراوە بوون. پاش چەند مانگ لە راگەیاندنی یەکگرتنی ئەو دوو هێزە، «ئەیمەن ئەلزەواهیری» بە رەخنەگرتن لە هەڵسوکەوتی داعش، هەر شێوە پێوەندی‌یەکی لەگەڵ داعش رەتکردەوە. لەمەودوا داعش لێبڕاوانە وەدوای ئامانجی دوایی خۆی واتا دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و بەڕێوەبردنی یاساکانی شەرع لە عێراق و سووریە، کەوتووە.

خەباتی چەکداری جیهادی، رێبازی سەرەکی ئەو رێکخراوەیە و « دەوڵەتی ئیسلامی» یۆتۆپیاو ئارمان‌شاری ئەو رێکخراوە بۆ عێراق‌و سووریەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەدژی هەردوو حکوومەتی شیعی نووری مالیکی لە عێراق‌و دەوڵەتی عەلەوی بەشار ئەسەد لە سووریە شەڕ دەکا. بەکار هێنانی ناوی «شام» کە ناوچەیەک بە پانتایی سووریە، ئۆردۆن، لوبنان، ئیسرائیل، فەلەستین و بەشێک لە عێراق و سەحرای سینا لەخۆ دەگرێ، نیشاندەری شێوەی بیرکردنەوەو ئاواتی ئەو رێکخراوە بۆ گەڕانەوەی ناوچە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریتی خەلافەتی ئیسلامی‌یە.

ئەو گرووپە وەکوو دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکاو گرووپەکانی دیکە یا دەبێ لەگەڵ داعش تێکەڵ بن و یا ئەوەیکە هێرشیاندەکاتە سەر. لە حاڵێکدا کە گرووپەکانی دیکەی نەیاری ئەسەد لەشەڕی فەرسایشی دان، داعش خەریکی داگیرکردنی ناوچەکانی ژێرکۆنترۆڵی شۆڕشگێڕەکان دایە. لە رۆژهەڵاتی سووریە، داعش کۆنترۆڵی ناوچە نەوتی‌یەکان، دامەزراوە پیشەیی‌یەکان‌و بەشێک لە سەرچاوە پڕداهاتەکانی بەدەستەوە گرتووە. لە عێراق، ماوە بە ماوە پارێزگایەک داگیر دەکاو یاسا و پرەنسیپەکانی خۆی دەچەسپێنێت‌و دەوڵەتداری دەکا. فەللوجە، ئەنبار و موسڵ لە ماوەی رابردوو شوێنی تاقیکردنەوەی دەسەڵاتداریتی داعش بوونە.

هێزەکانی داعش بە چەند هەزار چەکدار مەزەندە دەکرێن کە زۆربەیان پاشماوەی حیزبی بەعسی عێراقن‌و هەروەها لە ریزەکانی خۆی‌دا ژمارەیەک چەکداری پسپۆڕی لە وڵاتانی چێچێن، لیبی، تونس، ئەفغانستان، پاکستان، ئۆردۆن و بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوایی‌دا کۆکردۆتەوە. ئەو تەرکیبە تایبەتەو بەستێنی ئاڵۆزی عێراق‌و سووریە بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو گرووپە پۆتانسییەلی نیزامی بەرچاو و توانای مانۆڕی زۆڕی هەبێ. هێزەکانی داعش، بەباشی جموجۆڵ دەکەن، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەرتەشی عێراق بە باشی دەناسن، لە دابەشکاری ناوچە نیزامی‌یەکانی عێراق ئاگادارن، بۆ بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتووەکانی راهێنانیان پێ‌کراوەو لە سێ ساڵی رابردوودا لە سووریە ئەزموونی پێویستیان لە شەڕی مەیدانی‌و رووبەڕوو وەدەست هێناوە.

«داعش» هەنووکە لە سێ بەرەدا شەڕ دەکا: دژی گرووپە شۆڕشگێڕەکانی رکەبەریی خۆی لە سووریە، دژی رێژیمی بەشار ئەسەدو دژی ئەرتەشی عێراق.

**دژی هێزە رکەبەرەکانی لە سوریە:**

سەرەڕای ئامانجی هاوبەشی داعش وەکوو هێزێکی ئیسلامگەراو ئەرتەشی ئازادی سووریە وەکوو هێزێکی سکولار بۆ لەدەسەڵات‌خستنی بەشار ئەسەد، بەرنامەی جیاوازی هەر یەکیان بۆ داهاتووی سووریەی پاش ئەسەد، بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو دوو لایەنە، وێڕای خەبات بەدژی هێزەکانی ئەرتەشی سووریە، لەگەڵ یەکتریش دەرگیر بن. ئەرتەشی ئازاد، کردەوە سەرەڕۆیەکانی داعش‌و هەروەها داسەپاندن‌و تەحمیلی شەریعەتی قبوڵ نییە. هەر بەو هۆکارەشە کە نەتەنیا لە وتووێژەکانی وڵاتانی دۆستی سووریە بەشدار نییە، بەڵکوو خراوەتە لیستی رێکخراوە تێرۆریستی‌یەکانی جیهانی‌شەوە. شەڕی داعش و ئەرتەش ئازاد لەگەڵ یەکتر، نەتەنیا خەبات دژی رێژیمی بەعسی سووریەی لاواز کردووە بەڵکوو بۆتە هۆی نیگەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ ئەوە کە سووریەی ژێردەسەڵاتی داعش، هاوشێوەی ئەفغانستانی ژێردەسەڵاتی تالیبان دەبێ.

لە لایەکی‌تر، هێزەکانی داعش‌و بەرەی نوسرە بە تۆمەتبارکردنی «پارتی یەکیەتیی دێموکرات» بە سازان لەگەڵ رێژیمی بەشار ئەسەد ، زۆر بە خەستی پەلاماری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی «پەیەدە» لە رۆژئاوای کوردستان دەدەن. لە حەسەکە، قامیشلۆ، عامودا، کۆبانی، سەرێکانی‌و ژمارەیەک شارو شارۆچکەی دیکە، هێزەکانی داعش بە ترس‌و تۆقاندن‌و ئەشکەنجەو جێ-بەجێ‌کردنی یاساکانی شەریعەت حەولی خستنەژێر کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی داوە، بەڵام لە لایەن «یەکینەکانی پاراستنی گەل» بەرپەرچیان دراوەتەوە. جگە لەوە، داعش رکەبەری هێزە سەلەفی‌یە جیهادییەکانی دیکەی ناو گۆڕەپانی شەڕی نێوخۆیی سووریە دەکاو لەگەڵ «بەرەی نوسرە» لەسەر ناوچە ئازادکراوەکانی حەلەب، ئەدلیب و رقە لە باکووری سووریە تووشی پێکدادان هاتووە.

**دژی رێژیمی بەشار ئەسەد**

داعش لە سووریە، لەگەڵ بەشێکی هەرەزۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن‌و هەروەها هێزەکانی رێژیمی ئەسەد دەرگیرە. ئەگەرچی ئەو گرووپە ژمارەیەک شارو شارۆچکەی کۆنترۆڵ کردووەو شاری «رەقەی» لە باکووری سورویە وەکوو ناوەندی کاتی حکومەتی خۆی راگەیاندووە بەڵام لەڕاستی‌دا نەیتوانیوە چەندان سەرکەوتوو بێ. رەنگە هەر ئەوەش وای‌کردبێ کە روو لە بنکە سروشتی‌یەکانی سەرهەڵدانی خۆی لە ناوچە سوننی‌نشینەکانی عێراق بکاتەوە تا بە راکێشانی جەماوەر بۆ لای ریزەکانی خۆی‌و کردنەوەی رێگای تەدارۆکاتی‌و دابین‌کردنی چەکوچۆڵ، حەولی یەکخستنەوەی شەڕگەکانی لە سووریە و عێراق بدا.

**دژی حکومەتی عێراق**

پاش رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن‌و بەشداری چالاکانەی هێزە سکولارو سوننی‌مەزهەبەکان‌و هیوای ئەوان بۆ دابەشکرانی هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی، چالاکی هێزە بناژۆخوازەکان‌و گرووپە تێرۆریستی‌و پاشماوەکانی حیزبی بەعسی تا رادەیەک کەمتر کردەوە. بەڵام داگیرکردنی جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن هێزە شیعەمەزهەبەکان، پیلانگێڕی بەدژی سەرکردە سیاسی‌یەکان، هەڕەشەکردن‌و حەولدان بۆ یەکدەستکردنی حکوومەت بەتایبەتی لە سەردەمی نوری مالیکی وای‌کرد کە زۆرێک لە هێزە سیاسی‌یەکانی خاوەن قورسایی بەتایبەت کوردو سوننی‌مەزهەبەکان بەرامبەر بە داهاتووی عێراقی هاوئاهەنگو رەش‌بین بن.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣و سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر رومادی‌و فەللوجە، بەڵام دواتر لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق رووبەڕوو بوو و کۆنترۆڵی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ئەو ناوچانە لەدەست دا. بەڵام هێرشی ئەو دواییانەی بۆ سەر موسڵو داگیرکردنی ناوچە سوننی-نشینەکان‌و جوڵەیان بەرەو بەغدا نیشاندەری هاوپەیمانێتییەکی تاکتیکی نێوان زۆرینەی هێزە سوننی‌یەکان، حیزبی بەعس‌و گرووپە ئیسلامییە بناژۆخوازەکانە. جگە لەوە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچە، لە سەرکەوتنی شیعەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق نارازین‌و حەول دەدەن تا بە بەکارهێنانی داعش‌و کردەوەی توندوتیژ، کاریگەری لەسەر کەشی سیاسی عێراق دانێن‌و مالیکی لاواز بکەن.

# بەراوردی دوو کەمپەین



رێبوار مەعروفزادە

کەمپەینی «ژن بوون ئامرازی سووکایەتی بە هیچ کەس نییە» (یەکەم) و کەمپەینی «ازادی های یواشکی زنان ایران» (دووهەم) دوو کەمپین بوون کە هەر دووک لەسەر ماف و دۆخی ژنان جەختیان کردەوە و توانیان لە یادەوەری چالاکی مەدەنی‌و فێمێنیستی لە ئاستی کوردستان و ئێران‌دا جێگەیەک بۆ خۆیان تۆمار بکەن. بەراوردکردنی ئەو دوو کەمپەینە یارمەتی ئەوە دەدا خاڵە لاواز و بەهێزەکانی هەر کام دەربکەوێ‌و ڕوانینی چالاکانی مەدەنی‌و سیاسی لەهەمبەر کەڵک وەرگرتن لە فەزای سایبری‌و لە راستی‌دا ئەو بەراوردکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕوانین بۆ دەرفەت‌و مەترسییەکانی کەڵک وەرگرتن لە فەزای سایبێری بۆ کاریگەری دانان لەسەر فەزای واقیعی، لە رەهەندێکی بەرفراوانتر بەهرەمەند بێ.

**شێوازی لەدایکبوونی یەک کەمپەین**

کەمپەینی یەکەم لە کاردانەوە بە حوکمی دادگای مەریوان، کە لە رێکەوتی ١٥ئاپریلی ٢٠١٣ تاوانبارێکی بە دەبەرکردنی جلی ژنانە سزا دابوو، لەدایک بوو. بیرۆکەی چەند چالاکێکی مەدەنی‌و مەسعود فەتحی وەک یەکەمین کەس کە بە دەبەرکردنی جلی ژنانە و بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لە فەیسبووکی خۆی، حوکمی دادگای مەریوانی مەحکووم کرد، لە لایەن ژمارەیەکی زۆر پیاو پێشوازی لەم بیرۆکەیە کرا و پەیجی ئەو کەمپەینە لە ماوەیەکی کەم‌دا ژمارەیەکی زۆر لایک‌و بەردەنگی دەستەبەر کرد. کەمپەینی دووهەم، بەرهەمی بیرۆکەی مەسیح عەلی نژاد رۆژنامەنووسی ئێرانی بوو. مەسیح لەدوای ئەوەی وێنەیەکی خۆی لە رێکەوتی ٣ مەی ٢٠١٤، کە بە بێ پۆشینی حیجاب لە ئێران گرتبووی، لە فەیسبووک بڵاو کردەوە، ژمارەیەکی زۆر کامێنتیان بۆ وێنەکەی نووسی. دواتر مەسیح داوای لە هاورێیانی کرد کە ئەوانیش ئەو وێنانەی بۆ بنێرن کە لە نێوخۆی ئێران بە بێ‌حیجاب گرتوویانە. بەو شێوەیە کەمپەینی دووهەم نەک بەرهەمی کاردانەوە بە رووداوێکی تایبەت لە ئاستی ئێران بێ، بەڵکوو رێگەیەکی دۆزیوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر مافی ژنان بۆ پۆشین یان نەپۆشینی حیجابی بکا. کەمپەینی یەکەم بە هۆی ئەوەی بەرهەمی کاردانەوە بە حوکمی دادگای مەریوان بوو، هەر لە دوای ئەوەی فەرماندەی هێزی پۆلیسی ئێران لە ١٣ مەی ٢٠١٣ داوای لێبوردنی لە ژنانی کورد کرد، پێویستی خۆی بۆ بەردەوامبوون چالاکی نواندن زیاتر دەبێ. کەمپەینی یەکەم تاڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات و لە لایەن کوردەکان پشتگیری لێ‌کرا. دیارە پیاوی دیکەش پشتگیریان کرد بەڵام پیاوەکانی کورد زۆرینەی فەزای ئەو کەمپەینەیان پێک هێنا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە کەمپەینی دووهەم‌دا ژنان کاراکتێری سەرەکی و رۆڵگێڕن و چالاکان یان ژنانی نێوخۆی ئێران بەرادەیەکی زۆرتر بەشدارییان کردوە. ڕەهەندێکی دیکەش کە جیاوازی ئەو دوو کەمپەینە نیشان دەدا ئەوەیە کە کەمپەینی یەکەم لە رەهەندێکی تاکەکەسی زۆرتر بەهرەمەندەو کەمپەینی دووهەم رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتری هەیە. بە واتایەکی دیکە ئەو وێنانەی لە کەمپەینی «ژن ئامرازی سزادان و سووکایەتی بە هیچ کەس نییە« زۆربەی وێنەکان تاکەکەسین و فەزای





لە دەست دا. ئەوەش تایبەتمەندی چالاکی لە جۆری کاردانەوەیە کە ئەو لایەنەی کردەوەکەی دەست پێ کردوە دەتوانێ ئاسانتر کۆنترۆڵی کاردانەوەکانی تایبەت بەو کردەوەش بکا.

**رۆڵگێرانی یەک کەمپەین**

لە کەمپەینی یەکەم‌دا پیاوەکان وەک کاراکتێرێکی سەرەکی‌و ئەکتیو دەرکەوتن‌و ئەوەش دەتوانرێ هەم بە باش لەقەڵەم بدرێ‌و هەم رەخنەی لێ بگیرێ. ئەوەی کە پیاوان تێکەڵاوی بابەتگەلی پێوەندیدار بە مافی ژنان بن، بابەتێکی ئەرێنییە چۆنکە هەرچەند فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ... فەزایەکی فرەچەشنتر بێ لە بواری رەگەزییەوە، ئەگەری کۆمەڵایەتی بوونی نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە لە کەمپەینی دووهەم‌دا ڕادەیەکی زۆرتر وێنە دەبینرێ کەلەگەڵ مێرد، هاورێ و خوشک و ... گرتوویانە. کەمپەینی یەکەم بە دەرخستنی فەزایەکی کۆمەڵایەتی بێ حیجاب، فەزای زۆرەملی پۆشینی حیجاب لە نێو کۆماری ئیسلامی‌دا مەحکووم دەکا و کەمپەینی یەکەم لە فەزایەکی تاکەکەسی بۆ مەحکووم کردنی حوکمی دادگای مەریوان یان توندڕەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەردەگرێ.

به سیاسی کردن‌و بە حیزبی کردنی یەک کەمپەین

کەمپەینی یەکەم واتە کەمپەینی کوردەکان هەر زوو رەنگوبۆنی سیاسی‌و حیزبی گرت. هەوڵ درا کە لێکدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە حوکمی دادگای مەریوان بکرێ‌و بگۆترێ کە ئەو حوکمە نەک هەر سووکایەتی بە پێگەی ژنان بوو، بەڵکوو سووکایەتی بە جلوبەرگی ژنی کورد و دواجار سووکایەتی بە نەتەوەی کوردیش بووە. هەرچەند رەنگە ئەو لێکدانەوەش تاڕادەیەک دروست بێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە مەبەست لەو لێکدانەوە چییە. مەبەست ئەوە بوو لە بۆشاییەکی گەورەی سیاسی-میدیایی کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تێی‌دا گرفتار بووە، ئەندامانی بخزێنە نێو ئەو کەمپەینەو پشتیوانی و رۆڵی حیزبەکەیان لەوێ‌دا مسۆگەر بکەن. ئەوەش مەیدانی گەشەی لە کەمپەینی یەکەم ستاند چونکە ئەو حیزبانەی هەستیان کرد کە ئەو کەمپەینە لە لایەن حیزبێک یان ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو بەرێوە دەچێ پشتیوانی میدیایی-سیاسی خۆیان لێ‌ستاندەوە. هەروەها بە سیاسی کردنی کەمپەینەکە وای‌کرد کە بەشداری ژنان و پیاوانی ئێرانیش کەمرەنگ بێ. گرفتێکی دیکەش کە بە حیزبی کردن دروستی دەکا، ئەوەیە چالاکی حیزبی ئۆتۆماتیکی وەپێش چالاکانی مەدەنی‌و ژنان دەدا. حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پڕن لەو خەڵکانەی لەژێر ناوی چالاکی ژنان و مەدەنی قسە دەکەن، بەڵام لە نێو حیزبەکەی خۆیان‌دا نەبێ لە شوێنێکی دان بەو پێگەو شۆناسەیان دانانرێ. بەداخەوە ئەوەش رێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی کەمپەینی کوردی، هاوشێوەی کەمپەینی «ژن بوون ئامرازی سووکایەتی بە هیچ کەس نییە«، بە واتایەکی دیکە جێگە لە پۆست کردنی چەند وێنەیەک، نەتوانن دەق، چەمک و روانینی نوێ لە رێگەی کەمپەین و فەزای سایبێری بێننەئاراوە. ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەوەی کەمپەینی کوردی نەتوانێ پانتایەکی ناوچەیی و جیهانی گەورە دەستەبەر بکا.

بەپێچەوانەوە کەمپەینی دووهەم «ئازادی های یواشکی» بەسەر حیزب و ئاراستەی سیاسی جیاوازدا دابەش نەبووە و هەر ئەوەش وایکردوە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٥٠٠،٠٠٠ کەس لایکی بکەن، لە حاڵێکدا کەمپەینی یەکەم تەنیا توانی ٢١،٠٠٠ لایک دەستەبەر بکا. هەر کەمپەینێک کە دەست پێ دەکا دەبێ شوێنگەیەکی راستەقینەی هەبێ چونکە لە فەزای سایبێریش‌دا گرینگە چ کەسانێک چ ئاراستەیەک بەرەوپێش دەبەن و خاوەنی چ پێشینەیەک و تواناییەکن.



سەرچاوەکان:

کەمپەینی «زن بودن ابزار تحقیر و تنبیه هیچ کس نیست.»

https://www.facebook.com/KurdMenForEquality

کەمپەینی «ازادی های یواشکی زنان در ایران»

https://www.facebook.com/StealthyFreedom

عذرخواهی فرمانده نیروی انتضامی از زنان کردستانی

http://mehrnews.com/detail/٢٠٥٤٣٢٦/News

# دەنگی پێی بێگانە لە سەر خاکی کورد



عەلی بداغی

ئەوەی کە نەیارانو دوژمنانی کورد لە ئێرانیش ناتوانن حاشای لێبکەن ئەوەیە کە نەتەوەی کورد ڕەسەنترینو بەڕابردووترین نەتەوە لە ئێرانی کەونارە کە ٧٠٠ ساڵ پێش زایین ئیمپراتۆریو دەسەڵاتی خۆی بووە. ئەوە ئیدیعای کورد لە ئێران نییە، بەڵکوو هەموو مێژووناسانو ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکانیش سوورن لە سەر ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە نیشتمانی خۆیو لە سەر خاکی بابو باپیرانی خۆی ژیاوە، خاکو هەرێمی کەسی داگیر نەکردوەو لە شوێنیکی دیکەی ئەو جیهانەشڕا بارگەو بنەی هەڵنەگرتوە تا لێرە دایخا، بەڵکوو لەسەر خاکی خۆی پشکوتووەو تا ئێرەی هێناوە.

لە مێژووی هاوچەرخیشدا ئەگەرچی بووەتە قوربانیی سیاسەتی ئیستعماریو داگیرکاریی زلهێزە جیهانییەکانو لەسەر بەرژەوەندیی ئەوان لەتو کوت کراوە، بەلام بەو حاڵەش قەت تەماحی لە خاکو نیشتمانی نەتەوە دراوسێکانی نەکردوەو باوەڕی قووڵی بە پێکەوەژیانو هەڵکردنی بە ئارامیی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە لە دراوسێیەتی یەکتر بووەو هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا دەبینین کە پێچەوانەکەی لە دژی کورد کراوە.

فاکتە مێژوویییەکان دەڵێن لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکان لە ناوچەو لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی بەردەوام حاشاکردن لە پرسی نەتەوەیی کوردو هەوڵدان بۆ تواندنەوەو سەرکوتی ویستو داخوازەکانی ئەوانو نامۆکردنیان لە خاکو نیشتمانەکەیان بووە، سیاسەتێک کە چەندە لێی سەرکەوتوو بوون یا نەبوون باسێکەو، بەردەوامیی ئەو دەوڵەتانە لەو سیاسەتە بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران باسێکە کە لێرەدا دەپڕژێینە سەری.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پتر لە ٣٥ ساڵە جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستە. ئەو ڕێژیمە ئەگەر لەلایەک درێژەپێدەری سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردو میراتگرێکی باشی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، لەلایەکی دیکەوە شەڕی کوردستانو کەوی نەبوونو سەردانەنواندنی کورد بۆ دەسەڵاتی دژەگەلیی ئەو ڕێژیمە بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە پلانی وردترو سیستماتیک هەم بۆ لێدان لە خەباتی نەتەوەیی، هەم بۆ گۆڕینی دێموگرافیی کوردستانو هەم بۆ نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوان دوو نەتەوەی کوردو ئازەری بەرنامەی تواندنەوەی کوردو سیاسەتی داگیرکردنی خاکەکەیو بێگانەکردنی کورد لە نیشتمانەکەی بباتە پێشێ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەیبینین، لە گەشەو هەڵدانی ئابووریی ئەو ناوچەیە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە پشکی بژاردەو نوخبەکانی کورد لە پێسپاردنی بەرپرسایەتیو بەڕێوەبەرییەکان، لە تەقینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لە کپ کردنی هەرچەشنە دەنگێکی نارەزایەتی دەربڕینو سەرکوتی خەڵک هەر بۆ ئەو سیاسەتە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمووی گرینگترو ڕووخێنەرتر جێبەجێکردنی سیاسەتی نەرمو خشۆکی دروستکردنی قەیرانی شوناس لە نێو نەوەی نوێی کورد، بردنە ژێرپرسیاری خەباتی حەقخوازیی کورد، گۆڕینی جوغرافیای ژیانی کوردو ناشیرین کردنی ڕوخسارو سەمبولەکانی پێناسەی نەتەوەیی کوردە.

نابێ ئەوە بە هەڵکەوت بزانین کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە تاوانی جینایەت، دەستدرێژی کردنە سەر ژنانو قاچاغچیی مادە هۆشبەرەکان لە داردەدرێن پاتۆڵی کوردییان لەبەر دایە؟ یان بڵاوکردنەوە کۆمەڵە گۆڤارێکی وەک « چشم‌انداز» بێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر وەک کورد دەرەتانی گوتنی ڕاستییەکانی تێدا هەبێ، دروستکردنی کۆمەڵە فیلمێکی وەک «کانی مانگا»، « گلها و گلولەها»، « چ، وەکوو چەمران» و زۆر فیلمو بڵاوکراوەی دیکە کە مەبەستیان خەوش خستنە سەر خەباتی کوردو بەلاڕێدا بردنی ویستو داوای سەرەکیی خەڵکو شێواندنی زەینو بیرکردنەوەی نەوەی نوێیە.

لەوە بترازێ جیاکردنەوەی خاکو گوندەکانو زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکانی کوردستانو، دانی ئەو ناوچانە بەو ناوچە ئازەرینشینانەی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خەڵکی ئازەرییان تێخزاندوونو حەشیمەتەکانیان بردوونە سەرێ، وەک ئەوەی لە ناوچەکانی مەهاباد، سەڵماس، خۆی، ساینقەڵا، ورمێو تیکاب دەیبینین. بەخشنامەکردنی پێنەفرۆشتنی مڵکو ماڵ بە کوردەکان لە شارەکانی ورمێ، تەورێز، سەڵماس، خۆیو ماکۆ بۆ نووسینگەکانی کڕینو فرۆشتنو هەڕەشەی لێسەندنەوەی «پەروانە کەسبەکانیان» لە ئەگەری لادان لەو بڕیارەش نموونەیەکی دیکە لەو سیاسەتو پلانەیە.

سەیر ئەوەیە لە کاتێکدا ئەو بڕیارە دراوە کە سەدی ٦٠ ی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای تەورێز لە کوردستان دابین دەکرێو گەورەترین کانگای زێڕی وڵات لە کوردستان هەڵکەوتووەو ئەوە هەر سامانە سروشتیەکانی کوردستانە کە بە پانەوە لە کوردستان دەبرێنە دەرێو خێرو بێرەکەی بۆ هەموو کەس لە ئێران جیا لە کوردەکانە.

ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدراو بەرهەمی سیاسەتی نەرمی حاکمییەت لە کوردستان بۆ ژینۆسایدی سپیی کورد لە ئێران نە شتێکە حاشای لێدەکرێو نە ڕەوتێکە کە وەستانی بووبێ، هەر بۆیەش وشیاریی خەڵکو بژاردەکانی کوردو بێدەنگ نەبوونیان بۆ مایەپووچ کردنەوەی ئەو هەوڵانە زۆر گرینگە. ڕاستە کورد هەموو هەوڵی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکەیو هەڵکردنو نەرمی نواندن لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی بووە، بەڵام چیدی بە بێخەمی بە تەنیشت ئەو بابەتە هەستیارەدا تێناپەڕێ. نوێنەرانی کورد لە مەجلیسو چالاکانی سیاسیش پێویستە بکەونە خۆو، بە هێنانەبەر باسی ئەو بابەتە لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو ناوەندەکانی بڕیار ئەو بابەتە یەکلا بکەنەوەو تیشک بخەنە سەر ئەوەی ئەو پلانو سیاسەتەی حاکمییەت هەر لە جێدا بەرەوڕووی شکست بۆتەوە. چاوخشاندن بە ڕووداوەکان لە عێراق، سووریەو تورکیە پێمان دەڵێ کە سەردەمی حاشاکردن لە پرسی کورد تێپەڕیوەو هەوڵدان بۆ تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە چ بە زەبرو زەنگو چ بە ژینۆسایدی سپی نەک نەگەیشتۆتە هیچ ئاکامێک، بەڵکوو تەنیا دەرفەتەکان بۆ ژیانی ئارامو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەبار بردوە، کەواتە با بەجێی دوورخستنەوەی کورد لە دەسەڵاتو بەشداریی سیاسی، ئەگەر لە خەمی وڵاتو یەکپارچەیی ئێران دان، با باوەش بۆ بەشداریی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵات بکەنەوەو ئاوڕ لە مافو داوا ڕەواکانیان بدەنەوە، سبەی ڕۆژ بۆ ئەو باسانە زۆر درەنگە.



# ژینۆسایدی بێدەنگ لە ئێران؟

نووسینی: داشامەجید

وەرگێڕان بۆ کوردی:

سیروان مووساپوور

شۆڕش مەکەن! «ما ز یاران چشم یاری داشتیم خود غلط بود آنچه می پنداشتیم». خەڵکی ئێرانو لەپێشەوەشیان خەڵکی کورد (چونکە خەباتی سیاسییو چەکدارانە بۆ ماوەیەکی زۆر لەپێش شۆڕشی ئێران لە کوردستان لەئارادا بوو)، بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی ئازاد، بەدوور لە سەرەڕۆییو سەرکوت، دوور لە گەندەڵیو نایەکسانی خەباتیان کرد تا سەرەنجام ڕێژیمی پەهلەوی ڕووخاو سیستەمێکی دیکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. خەڵک هیوادار بوون سەرەڕۆیی، سەرکوت، گەندەڵیو چەند دەستەییو بەفیڕۆدان و بە تاڵانبردنی سامانی وڵات کۆتایی پێبێ. بژاردەکانی سەر بە خەڵکو خەڵک تەوەر دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی جێگیر بێو کۆمەڵگە ڕووخسارێکی گەشتر لە پێشوو بەخۆیەوە ببینێو ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە وزە و پێتانسییەلە هەبووەکانی، بتوانێ سیمایەکی جوانترو بەهێزتر لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە خۆی نیشان بدا.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ٣٥ ساڵی ڕابردوو دەری دەخا کە نزیک بە تەواوی هیواو ئاواتەکانی خەڵک بۆ شۆڕش بوونە بڵقی سەرئاوو وڵات نەتەنیا بەرەو پێشەوە هەنگاوی نەناوە، بەڵکو دەیان هەنگاو زیاتر لە ڕابردوو پاشەکشەی کردووە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەژێر سایەی شۆڕشدا لەجێگەی کەسانی هەڵکەوتوو و ڕۆڵە بژاردەو دڵسۆزو بەتواناکانی خەڵکی ئێران، کەسانی هەلپەرست دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە کە نە تەنیا کەڵکەڵەی دەردو ئازارەکانی خەڵکیان نیەو هەموو شتێکیان بۆ گیرفانی خۆیان و خزم و دەستوپێوەندەکانیان دەوێ، بەڵکو بە ئاشکرا لە هەر چەشنە توانایی‌و شارەزاییەکی بەڕێوەبەرێتی بێبەشن. ئاکامەکەی ئێرانی ئێستایە کە ڕۆژانە ناچارە باجی بەڕێوەبردنە هەڵەو نائەقڵانییەکانی ئەم کەسە هەلپەرستو سپڵانە بدات. لەم ساڵانەدا، وڵاتی ئێمە نە تەنیا نەبۆتە جەمسەرێکی پیشەسازییو بەرهەمهێنانو وڵاتێکی شادو بەرهەمهێنەر، بەڵکو خەمۆکی، بێهیوایی، گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، فەساد، بێکاریو دواکەوتوویی کولتووریی‌و دەمارگیریی تاکەکەسیی‌و کۆمەڵایەتی بوونەتە تایبەتمەندییە زەق و بەرچاوەکانی وڵات.

کوردەکان لەم شۆڕشە زیاتر لە هەمووان زیانیان پێگەیشتووەو ئازاریان بینیوە. ناوچە کوردنشینەکان زیاتر لە پێشوو تووشی بێبەشی بوونەتەوە. ئەگەر لە پێش شۆڕشدا ناوچە کوردنشینەکان لەباری دووربوون لە ئیعتیادو گیرۆدەییو تاوانکاریو خۆکوشتنو خۆسوتاندنو بێکاری، لە پاکترین ناوچەکانی ئێران دەهاتنە ئەژمار، ئەمڕۆ بە شایەتی ئاماری دەوڵەتی بوونە جەمسەرێکی گیرۆدەییو خۆکوشتنو خەمۆکیو گرژیی کۆمەڵایەتی. لە هەمووان بەژانتر ئەوەکە ناوچە کوردنشینەکان ئامانجی ژینۆسایدێکی خزۆکو ڕێکخراون کە بۆ ئەوەی وتارەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، تەنیا ئاماژە بە چەند بابەتێکی بەڵگەدار دەکرێ. ١- یەکێک لە هێماکانی سووکایەتی بە کولتوورو شوناسی نەتەوەیی خەڵکی کورد، دەبەرکردنی پانتۆڵی کوردی بۆ هەموو تاوانبارە واقعیو ناواقعییەکان لە کاتی گرتنو لەسێدارەدانە. ٢- دروستکردنی فیلمە سینەماییو تەلەویزیۆنیە پڕ لە درۆو سووکایەتی پێکردنەکان. وەک فیلمی «چ» کە بە پشتیوانی ناوەندە دژە کوردو دژە ئێرانییەکانو بە دەستی کەسانێکی دژی یەکگرتوویی نەتەوەیی وەک ئیبراهیمی حاتەمی کیا دەرهێنراوە. ٣- جیاکردنەوەی خاک، گوندو بەخشو زەوییە بەربڵاوەکانی ناوچە کوردنشینەکانی وەک مەهاباد و

> **ئەگەر لە پێش شۆڕشدا ناوچە کوردنشینەکان لەباری دووربوون لە ئیعتیادو گیرۆدەییو تاوانکاریو خۆکوشتنو خۆسوتاندنو بێکاری، لە پاکترین ناوچەکانی ئێران دەهاتنە ئەژمار، ئەمڕۆ بە شایەتی ئاماری دەوڵەتی بوونە جەمسەرێکی گیرۆدەییو خۆکوشتنو خەمۆکیو گرژیی کۆمەڵایەتی**

خستنەپاڵ ناوچە تورکنشینەکان کە بە هێنانی حەشیمەت پەرەیان پێدەدرێ. ٤- پێشنیاری پێشگرتن لە هاتنی هاوڵاتیان کورد بە ورمێ لەڕێگەی پێنەدانی مۆڵەتی هاتن بۆ ئەو ناوچانە. ٥- دەرکردنی بڕیار و ڕاگەیاندنی نووسراو بە نووسینگەکانی خانووبەرە لە شاری تەورێز بۆ خۆپاراستن لە فرۆشتنی خانوو و زەوی بە کوردەکانو هەڕەشەکردن بە لێستاندنەوەی مۆڵەتی کار لە ئەگەری سەرپێچی کردنیان لەو بڕیارە. ئەم ڕاگەیەنراوە بە کەڵک وەرگرتن لە وشەگەلێکی فریودەرانەو کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ناونیشانی وەک «ئاگاداریی لە مەترسیی تیرۆریزمی کورد»!؟ «پەرەستاندنی مەترسیی تیرۆریزمی کورد»، «پشتوانیی سەهیۆنیزمی جیهانی»، «هەوڵدانی کوردەکان بۆ گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی کولتووریی و ئاینی « و « دژمنایەتی کوردەکان لەگەڵ «نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی» ئامادە کراوە. ئەمە لە بارودۆخێک دایە کە زیاتر لە لەسەدا شەستی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی لە ناوچە کوردنشینەکانەوە دابین دەبێ بەڵام لەو ناوچانەدا تەنانەت ئیزنی ژیان بەسەربردنیش بە کوردەکان نادرێ. ٦- هێنانی پشتیوانی لێکراوی تورکەکان بۆ پارێزگا کوردنشینەکانی وەک ئیلامو پشتیوانیی ماڵیی بۆ نیشتەجێبوون و بەدەستەوەگرتنی ناوەندە سەرەکییەکانی وەک بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەکان و نانەواخانەکان. بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر نان و بژێویی خەڵکی ئەو ناوچانەشدا هەبێ. ٧- دابەزینی گەشەی مامناوندی حەشیمەت لە ناوچە کوردشینەکان بۆ ژێر حەوت دەیەم بە بەراورد لەگەڵ ١/٣ لە سەد لەسەر ئاستی وڵات. لە وەها بارودۆخێکدا نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، یاساناسانان و ئابووریزانان و چالاکە مەدەنییەکان و خودی خەڵک دەبێ لە دەوڵەتی «تدبیر و امید»ێک کە بە زۆرینەی دەنگ هەڵیان بژاردووە، بپرسن کە ناوەرۆک و ماهییەتی ئەو کردەوانەیان بۆ ڕوون بکەنەوە. ناڕوونییەکان بسڕنەوەو ئەگەر ئەم دەوڵەتە خەڵکی کورد بە بەشێک لە ئێرانو شایانی وڵامدانەوە دەزانن، دەبێ لە بەرامبەریشیاندا وڵامدەر بن. خەڵکی کوردو نوێنەرەکانیانو هەروەها هەموو مرۆڤە دادپەروەر و یەکسانیخوازەکانی ئێران دەبێ بپرسن کە لە وەها هەلومەرجێکدا، تەرخانکردنی ١٢هەزار ملیارد تمەن لە بودجەی وڵات بۆ مەبەستی هاندانی زاوزێو زۆربوونی حەشیمەت، لە ئیختیار چ گرووپگەلێک لە کۆمەڵگەی ئێران دادەنرێ؟ ئایا خوێندکاران و بەرەی لاوی ناوچە کوردنشینەکانیش لەم بودجەیە بەهرەمەند دەبن یان ئەم بودجەیە بۆ گۆڕینی هاوتاییو هاوسەنگیی حەشیمەتی لە ناوچە کوردنشینەکان خەرج دەکرێ؟ ئەم بابەتانە کە بەڵگەی هەندێکشیان پێوە زیاد دەکرێ، تەنیا چەند نموونەیەک لەم سیاسەتە ژینۆسایدە ڕێکخراوەن. هەر بۆیە داوا لە خەڵکی ئێرانو بە تایبەت خەڵکی کورد دەکەین ئەگەر ئاکام و دەرەنجامی شۆڕش ئەوەیە، تکایەو بە خاتری خوا شۆڕش مەکەن.

# کێشەی نێوخۆیی قۆڵەکانی کۆماری ئیسلامی



حەسەن حاتەمی

( ١ )

**پێشەکی**

**لەوکاتیڕا کۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزراو لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوو دا، هیچ کات ئەو ڕێژیمە بەهۆی دوو نێوەڕۆکی دژبەیەکی «جمهووریەت» و «ئیسلامییەت»، نەیتوانی یەک دەست بێ. هەرچەند هەردوو بەشی بەرایی ئەو پێکهاتەیە، تایبەتمەندیی کۆمەلگای ئێرانیان پێوەدیارەو سێ هێزی سەرەکیی یانی زۆربەی بازار، مزگەوتو حوسێنییەکانو حەوزەو مەکتەبەکانی عیلمیە بەتایبەتی لە قوم، پارێزەرانی ئیسلامییەت نیزامنو لە روانگەی «فقهی سوننەتی»یەوە دەڕوانن ژیانی مودێرنی سەردەم. زۆربەی فەرماندەکانی سپای پاسدارانو بەسیجو هیزە ئەمنییەتییەکان بە پووڵی نەوتو گاز و داهاتەکانی دیکەی گەلانی بەرایی لە ئێران لە ژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ئەوان دان. بۆیە زۆربەی کاربەدەستو دامودەزگا پێوەندی دارەکانیان، چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی دەستکردی خۆیان لەبەرچاو ناگرن. بەڵام بەشی «جمهووریەت» جگە لە دەنگەکانی خەڵکانی بەرایی لە ئێران دا، و مادده یاساییەکانی مافی میللەتو تا رادەیەک مەجلیسی شوورا، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو برە مافانە، شتێکی دیکەیان بەدەستەوە نییە. ئەو بەشەش بەربەستی زۆری بۆ دانراوە.**

لەسەریان دەبێو هەم ئەوانیش بەشێوەی جۆراوجۆر لە ڕووداوەکانی نێوخۆییو دەرەوەیی سەبارەت بە ئێران، ناچار بە شێوە پەسندێکی زۆرجار نابەدل دەبن یا دژکردەوەی پێچەوانە نیشان دەدەن. دیارە ئەم ڕێگای سێیەمە زۆر بەرین و نا هاومێلۆدین. نە بەریەکی ئەوتۆیان هەیەو نە ئێئتیلافێکی بەرین لەنێو ئەحزابو ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی شێلگیری ئەو ڕێگایەدا. بەڵام هەربەشی خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە ڕووداوەکان هەیە.

**بەشێک لە ناکۆکییەکانی ئێستا**

ئەگەر ئەو بۆچوونە قبووڵ بکەین کە دەوڵەتی «ئێعتدال و ئومید»ی ئاغای رووحانی، درێژی ئاڵوگۆڕی گرینگەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران یانی ٢ ی جۆزەردانی ١٣٧٦ و ٢٢ی جۆزرەدانی ١٣٨٨ە و ئەو گۆڕانە لەنێو هەناوی هەڵبژاردنەکان دا، بە هۆی دەنگەکانی خەڵکانی بەڕایی لە ئێران دا، روویان داوە. پێویستە سەرنج بدینە ئەو بۆچوونە کە هیچکامیان جێی رەزامەندی ڕێبەری مەزهەبی نەبوون. بەڵام ئەو ناچار بوە دەورەیەکی ٨ ساڵەی محەممەدی خاتەمیو نزیک یەک ساڵەی تا ئێستای رووحانی قبووڵ بکا. میرحوسێن مووسەوی- براوەی دەورەی دەیەمی سەرکۆماری- و هاوسەرەکەی خانمی زارا رەهنەوەرد و رووحانی ئازاو هێڵی سوور بەزێن ئاغای کەڕروبی، لە ماڵە ئەمنی سازمانی سپای پاسداران (ساس) و ماڵەکانی خۆیان دەستبەسەر بکا و کاربەدەستانێکی زۆری پێشوو زیندانی بکا و...

ئەو کردەوانە بۆ پێش گرتن لە شەپوول

چەند رۆژ لەوەپێش ئاغای دوڕی نەجەف ئابادی- وەزیری پێشووی ئیتلاعات-، باسی جێگری ڕێبەری کرد. ناوبراو کە دوای لە قاودانی بەشێک لە جینایەتەکانی واجا (وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی)، کە سەعید ئیمامی تێیدا لەنێو برا و چەند کەس زیندانی کران، بوو بە وەزیر. ئەو سەرەتا لەگەڵ ئایەتوڵڵا مونتەزیری هاوبیر بوو، پاشان لەگەڵ خامنەیی و بناژۆخوازەکان (اصولگرایان)، هاوڕا بوو. لەدەورانی بەسەرکۆمارکردنی ئەحمەدی نیژاد لە رەفسەنجانی نزیک بۆتەوە.

ئەو قسانەی دوڕی کردوونی، دوو خوێندنەوەی لێدەکرێ. یەکەم: نەخۆشی عەلیی خامنەیی- ولی فەقیهی ٢٥ ساڵە- کە جێگرێکی پێش مردنی بۆ دیاری بکەن. ئەو کارەش چونکە لە زەمانی ئایەتوڵڵا خومەینی- وەلی فەقیهی یەکەم دا-، بۆ کۆماری ئیسلامی خێری نەداوەتەوە، زۆری لێدەترسێن. دوویەم: هاوکات لەگەڵ مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەورەی دەیەم – کە ساڵی ١٣٩٤ بەڕێوە دەچێو جاریّ ڕێکەوتەکەی دیاری نەکراوە-، پێنجەمین دەورەی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەریش بەڕێوەدەچێ؛ مەترسی بۆ سوننەت گەراکان ئەوەیە کە هاشمی رەفسەنجانی زۆربەی کسانی نزیک لە بیری خۆی بە یارمەتی حەسەن رووحانی- سەرکۆمار-، محەممەد خاتەمی- سەرکۆماری دەورانی ئیسلاحات- و ڕێکخراوەکانی سەر بەو سێ توێژە – کە ئێستا بەشێوەکی دیفاکتۆ(نارەسمی) هاوپەیمانن-، ببنە زۆربەی ئەندامی ئەو

لێک گرێ دراون و کوللیەتی نیزامی تووشی تەنگەژەیەکی دژاور کردوە، ڕێگا چارەیەکی گونجاو ببینێتەوە. بەڵام بەئاکام نەگەیشتنی کێشەی ئەتۆمی و تونتربوونی گەمارۆکان و سێبەری شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ زلهێزێکی وەک ئەمریکا و وڵاتی کارامەی نیزامی و لابیگەری بەهێزی وەک ئیسراییل، یەک لا نەبوونی شەڕی نێوخۆیی سووریە –کە ئێران چارەنووسی خۆی لەگەل گرێ داوە-، زەق کرانەوەی پێشێل کاری مافی مرۆڤ لە ئێران داو مەسەلەی نەوەکانی ماف لەبەرچاو نەگیراو و کەمایەتییە مەزهەبییەکان، بەشێکی دیکەی گرینگی گرفتەکانی بەشی «جمهووریەت»ی نیزامە.

لە کێشەی سووریەش دا، گۆڕانێکی نوێ رووی داوە کە بە زەرەری ئێرانە. چاوپێکەوتنی ئەحمەد «جربا»- سەرۆکی ئێستای ئێئتلافی میللی و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە-، لەگەڵ خانمی مریەم رەجەوی- بەرپرسی ئێستای ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران-، قسەکردن لە رووخانی هەردوو ڕێژیمی سووریە و ئێران، کێشەیەکی دیکە و ئاڵۆزییەکان پتر دەکا و هاوپەیمانییەکی دیکە لە ناچەی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، زیاتر دەکا.

دیسان سەبارەت بە نێوخۆ ئاغای رووحانی کە پێی وایە» نابێ لە ژیانی تایبەتی خەڵک دا، دەخاڵەت بکەن و بە زەبروزەنگ و شەڵلاغ خەڵک بۆ بەهەشت نانێردرێ»، لە نوێژی هەینی بە پێچەوانەی ئەو قسە دەکرێ و سەدار جەزایری- سەرداریکی سپا- هەڕەشە لە ئەمریکا لە خاکی خۆی دا، دەکا، کە دەکرێ

**خامنەیی ناچارە هەتا زیندوویە هێندێک لە کێشە گرینگەکانی کە بەرووکی کۆماری ئیسلامییان گرتوە بەوشێوەیە حەڵ کا کە «نە شیش بسووتێ و نە کەباب»، وەک ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ وێنە: ئاگربەستەکەی شەڕی ٢+٦ ی ئێران و عێراق. هەم جامی ژار بخواتەوە و هەم سەرکەتوو بێ. بەڵام نە خامنەیی ئایەتووڵڵا خومەینی و نە کاتیش وەک پێشوویە و نە پرسەکانیش وەک یەکن.**

یاسای بنەڕەتی لە کولییەتی خۆیدا، بە بوونی شوورای نیگابان وەک: «شمشیری دامۆکلیس» لەسەر سەری یاسا پەسندکراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بوونی هەیە. چاوەدێری «استصوابی» ئەو شوورایەش، هێلەگی دابێژتنی بەربژارانی سەرکۆماری مەجلیسەکانی شووراو خیبرەگانی ڕێبەرییە. هەم دەوڵەتو هەم نوێنەران لە مەجلیسدا، بێ خۆسانسۆڕیو لەبەرچاو گرتنی مەشرووعە بوونی نیزام ناتوانن، یاسایەک بە قازانجی خەڵکان لە ئێران دا، بە پەسند بگەیەنن.

مادەکانی ٥٧ و ١١٠ زۆرترین دەسەڵاتیان داوە بە بەشی ئیسلامییەت و بەرپرسە هەمیشەییەکەی یانی وەلی موتڵەقەی فەقیە. بەشی قەزاییش هەر لە پاوانی ڕێبەرو بەیتەکەی دایە. بەو حاڵەش هێچکام لەو دوو بەشە ناتوانن بێ رەزایەتی یا تەئیدی یەکتر کاری بنەڕەتی بە قازانجی خەڵک بکەن. هەر یەکەی دەسەڵاتی خۆشی هەیە کە دەتوانێ لایەکی دیکە بەچالیش بکێشێ. بۆیە هەربەشەی چەند قوڵە و بەجۆری ڕووداوەکانی رۆژ ئاخاوتنو هەڵوێستی خۆیان هەیە.

لەنێو ئەو کێشانەدا، بیرورای گشتیو دنیا باشتر نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناسنو ئەو هەڵسوکەوتانە ناتوانن هەتاهەتایی بن. ڕێگا یا بۆچوونو تێکۆشانی دیکەش هەیە کە زۆربەی خەڵکانی نەتەوەکانی نافارس و – تەنانەت بەشێک لە ئازادیخوازان و سەرەڕۆ نەویستانی فارس-، بە حیزب و ڕێکخراوە فەرمیو نافەرمییەکانیانەوە، لە نێوخۆو دەرەوە، میدیاکانی ناحکوومی- وەک دەسەڵاتی چوارەم- ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی- وەک دەسەڵاتی پێنجەم-، تێیدا بەشدارنو قسە و لێکدانەوەو بۆچوونی خۆیان هەیە.

ڕێگای سێیەم، باسی لەنێوخۆ و دەرەوە هەیەو خوازیاری تێپەڕین لە ئاڵوگۆڕخوازی بەشێوەی خۆییەتی کە لە چووارچێوەی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، ناگونجێ. بەڵام هەم کێشەو ئاخاوتنو کردەوەکانی دەسەڵاتدرانی هەر دوو بەرەی نێوخۆیی کارتێکەری

(جووڵانەوەی سەوز) کە بۆ ماوەیەک بوومەلەرزیەکی سیاسی هێنایە کایە، تێچووەیەکی زۆر سەرووی بۆ دووبارە بەسەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نیژاد و دەسەڵاتی سپا و ئەمنیەتییەکان هەبوو کە خێریشی بۆ نەداوە.

ئەو ڕووداوانە شوێنەواریان لە نێوخۆو دەرەوەی ڕێژیم دا هەبووە و هەیەتی. درێژەی ڕەوتی ئێستا، کاریگەری پتریان لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆییو ناوچەیی بەشێوەی ئەرێنیو نەرێنی دەبێ.

لەو بەستێنەدا، ماوەیەکە هەم لە مەجلیسی شووڕا و هەم لە نێو بەشێک لە هێزە نیزامییەکان دا، روانین سەبارەت بە دەوڵەتی ڕووحانی و وتوێژەکانی ٥+١ لەچاو پێشوو، بەرەو پشتیوانیو ئارامی لێدوانەکان دەبینرێ. هەرچەند قسەو لێدوانەکان هەڵکشان و داکشانیان زۆرە.

خامنەیی لە نامەیەک لە ٢٢ ی بانەمەڕی ١٣٩٣ دا، کە بۆ سەرۆکایەتی مەجلیسی نووسیوە، پەسندکرانی یاساییەکان، لەوەبەدواوە لە کۆمیسیۆنەکانە پسپۆڕییەکانی مەجلیسی شووڕا بۆ وەرگرتنی بیروڕای کۆمەڵی هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی نیزام دەبێ بەهۆی سەرۆکی مەجلیس ئاگادار بکرێ. – سایت انقلاب اسلامی در هجرت-.

شارەزایانی بواری یاساییو سیاسی پێیان وایە، ئەو کردەوەیە بەرتەنگ کردنەوەی پتری مەیدانی نوێنەرانی مەجلیسە. لەبەر ئەوەی ئەگەر زۆربەی پێکهاتەی مەجلیسی دەیەم وەک مەجلیسی شەشەم و هێندێک رادیکاڵ (توندئاژو) تر هاتنە نێو مەجلیس، کۆمەڵیش وەک بەربەستێکی دیکەی دوای شووڕای چاوەدێری(نیگابان)، بەکار بهێنرێ.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆمەڵی بەرژەوەندیی نیزام، کێشەکانی نێوان مەجلیسی شووڕا و شووڕای چاوەدێری چارەسەر دەکا- ئەسڵی ١١٢- و بە پێی ئەسلی ١١٠، ڕێبەر بە ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەو کۆمەڵە، سیاسەتە گشتییەکانی وڵات دەبێ دیاری بکا. بەڵام چەندە ئەو بەندە ئیجرا دەکرێ، بەستراوەتەوە بە ئیرادەی وەلی فەقیە.

مەجلیسە.

هەروەها خامنەای هەتا ئەو هەڵبژاردنە دەبێتە ٧٦ ساڵو هەتا مەجلیسی خیبرەگانی شەشەم تەواو دەبێ، تەمەنی دەبێتە ٨٤ ساڵ. ناوبراو ئەگەر بمێنێ، زۆر زەحمەتە بتوانێ وەک رووحوڵلا خومەینی ٨٦ ساڵە، ڕێبەریی پرکێشەی نیزام بکا. بۆیە جێنشینی پێویستە، یا بە جێگری یا بە ڕێبەری.

زۆر جێی سەرنجە کە حەتوو بە حەتوو، بەشی ئیسلامییەتی نیزام لە تریبوونەکانی نوێژی هەینی سیاسەت و ڕێکارەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە و گەرەکیانە بەقسەی چەند «ئیمام جومعە»ی وەک ئەحمەد خاتەمی- لە تاران-، عەلەمەلهودا- لە مەشهەد-، لە قەزوین، ئیسفەهان و رۆژنامەی کەیهانی شەریعتمداری و جەوانی سپای پاسداران و ... بەدژی رووحانیو هاوبیرەکانیو بەشی ئیجرایی بەربەست دروست کەن.

ئەوان کە زۆرترین دژواریان بۆ گەلانی ئێران پێک هێناوە، بۆ سەرپۆش لەسەردانانی زۆر خراپی وەزعی ژیان و گوزەرانی رۆژانەی خەڵک، بێزاربوونی خەڵکانی ماف پێشێل کراو لە دەسەڵاتە سەرەڕۆیەکەیان، پرسی ژنان و لەبەرچاونەگرتنی مافی یەکسان یان لەگەڵ پیاوان و دژایەتیی لەگەڵ ژنان بەبیانووی مەلەسەلەی پۆشین (حیجاب)، باوەڕنەبوون بە مافی منداڵان و زۆربەی مافە ئینسانییەکان و زیاد بوونی مادده هۆشبەرەکان لە گومەڵگا دا، لە هەڕەشەو شەڕ لەدەرەوە و دەدوێن. ئێعدامی شەقام و لەنێو زیندانییەکانیان پەرە پێداوە. ئەنساری حیزبوڵڵا و هێزە قەرەیەخەکان (لیباس شەخسییەکان)- پەیدا بوونەوە. بەو ئومێدەی رووحانیش بەدەردی خاتەمی بەرن.

رووحانی بە ئاخاوتنی ئارامو شێوەی نەرم، هەوڵ دەدا، وەعدەکانی پێش هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەشێوەی خۆیان بەشێوەیەکی کەم رەنگو عەیار نرم ئەنجام بدا. بۆ کەم کردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی ئەتۆمیو ئابووری و سیاسیەتی دەرەوەیی کە بە جۆرێک

خوێندنەوەی تێرۆریزیمی لێ بکرێ.

لەوانەیە ئەو هەڕەشەی جەزایری و قسە توندەکانی سەردار سەلامی،لەگەڵ قسەکانی سەردار حەسەن فیروزئابادی- سەرۆکی ستادی هاوبەشی هێزە نیزامییەکان- ناتەبا بێ، کە پشتیوانی لە دەوڵەتی ڕووحانی کرد دوای عەلی لاریجانی سەرۆکی دووبارە هەڵبژێردراوی مەجلیسی شووڕا.

خامنەیی ناچارە هەتا زیندوویە هێندێک لە کێشە گرینگەکانی کە بەرووکی کۆماری ئیسلامییان گرتوە بەوشێوەیە حەڵ کا کە «نە شیش بسووتێ و نە کەباب»، وەک ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ وێنە: ئاگربەستەکەی شەڕی ٢+٦ ی ئێران و عێراق. هەم جامی ژار بخواتەوە و هەم سەرکەتوو بێ. بەڵام نە خامنەیی ئایەتووڵڵا خومەینی و نە کاتیش وەک پێشوویە و نە پرسەکانیش وەک یەکن.

بۆیە بەگشتی بەشی ئیسلامییەتی نیزام و لەسەرووی هەموویان عەلی خامنەیی پتر نیگەران (دلواپس) ی چارەنووسی نیزامەکەیانن. ئەوان بەناچاری چوونە نێو «گەمە» یەکی مەترسی داری ئەتۆمی بە سەبکی خۆیان کە چوونە پێش و پاشەکشەیان بەقازانجی مانەوەی وەکوو ئێستایان نابێ. ئەگەر مانەوەیەکی درێژ ماوەیان هەبێ. پێویستە کێشەکانی قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتو پەراوێز خراوەکان بەهێند بگرین و لایەنی زۆربەی خەڵک بگرین کە بە پێی هەلە رەخساوەکان گۆڕانی ئارام یان دەوێ. بەحەساسییەتەوەش بڕوانینە هەموو گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی ئێران، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان.

**سەرچاوەکان:**

**سایتەکانی»رادیو فردا، ایران پرس نیوز، انقلاب اسلامی در هجرت، سازمان مجاهدین خلق ایران.»**

---

**درێژەی:**

## رووداوەکانی عێراقو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە

ئایا دەتوانێ کاری گرووپێکی چەکداریی، بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە دیارە، هێرشێکی ئاوا ئەگەر پشتیوانێکی بەهێزی ئابووریو سەربازی گەورەی لە پشت نەبێ حەتمەن ئاوا بە خێرایی پێشڕەوەی ناکاو دەتوانین بەکورتی خوێندنەوەیەکی ئاوای بۆ بکەین، بە هۆی ناسەقامگیری وەزعی سیاسی عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتانی ناوچەکە هەرکام بە دوای بەرژەوەندی خۆیان لە عێراقدا دەگەڕێنو لەو نێوبەندەدا ئێران تورکیە هەرکام بە جۆرێک لە دەوڵەتانی دیکە پتر بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە چونکە هەردوو دەوڵەت سنووری هاوبەشیان لەگەڵ عێراقدا هەیەو هەر ئاڵوگۆڕێک لە عێراقدا دەتوانێ ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێ لەسەر وەزعی نێوخۆی ئەو دوو

**پێوەندی ئێرانو تورکیە بە تایبەتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەورازو نشێوی بەخۆیەوە دیوە بەڵام خاڵی هاوبەشی کە هەر دوو دەوڵەت لەگەڵ یەکتر کۆیان دەکاتەوە، بوونی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازو ماف ویستە لە نێوخۆو سەرسنوورەکانیان کە بە هێزی پێشمەرگە تەیارە و لە مەیدانەکانی شەڕدا دەستی باڵا بە پێشمەرگە بووە هەر بۆیە هەردوولا هەوڵیان داوە لە کاتی ئاوادا ناکۆکیەکانیان وەلا بنێنو هاوکاری یەکتری بکەن بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکان**

وڵاتە چ لە بواری ئابوورییەوەو چ لە بواری سیاسیەوە بە تایبەتی ئێران کە لە رۆژی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بناخەی سیاسی دەرەکی خۆی لەسەر هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی دامەزراندو لە ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتی خۆیدا بە هەموو ئیمکاناتی خۆیەوە هەوڵی درووست کردنو پشتیوانی گروپو تاقمی هاوبیری خۆی لە ناوچەکە داوە. بێجگە لە ئێرانو تورکیە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەشو هێندێک وڵاتانی زلهێزی دنیا لە عێراقدا بەرژەوەندی نەتەوەییو ئایینیو ئابووریان هەیە ولە تێک چڕژانی ئەو بەژەوەندیانە ڕەنگە عێراقو ناوچەکە تووشی شەڕێکی ترسناک بنو لەو نێوبەندەدا کورد بە گشتیو هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەکەوێتە خانەی ئەو ململانێو کێبەرکێیە، بۆیە پێویست دەکا سەرکردایەتی کورد بە گشتی ئەو بارودۆخە نوێیە بە باشی هەڵسەنگاندنی بۆ بکاو خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکا.

خاڵە ناکۆکەکانی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە بە تایبەتی ئێرانو تورکیە دەست نیشان بکاو هەوڵ بدا بە قازانجی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێو لە هەمان کاتدا وریای پیلانگیری ئەو دەوڵتانە بن چونکە مێژوو وامان پێدەڵێت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە هەموو کاتێک لەسەر سەرکوتی کورد یەک هەڵوێستو یەک ستراتژی بوون. ئەوە ڕاستە سەردەم گۆڕاوەو کورد زۆر قۆناغی هەستیارو مەترسی داری تێپەڕ کردوە بەڵام بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لە سەر میزی دوڵەتان لەسەردەمی ئێستاش‌دا هەر قسەی ئاخر دەکا.

# فەلسەفەی دەسەڵاتدارێتیی سیاسی

**نووسەر: دەیڤید میلر** **بەشی سێیەم و کۆتایی** **و: مادح ئەحمەدی**

ڕەنگە پێتان وابێ کە پێش ئەمە و بە نیشان دانی ئەوە کە بۆ دەسەڵاتدارێتی سیاسیمان پێویستە، وەڵامی ئەم پرسیارەشمان داوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا لە نێوان ئەوەدا کە دەوڵەتی بەریتانیا مافی جێبەجێ کردنی یاسا و وەرگرتنی باجی هەیە و ئەوە کە من وەک خۆم پێم وابێ لە سەرمە ملکەچی ئەو یاسا و ڕێساگەلە بم و باجەکەشم بدەم، هێشتا مەودایەک هەیە. مل نەدانی من لە بەرابەر یاسادا نابێتە هۆی ڕوخانی حکوومەت و یان نابێتە کۆسپێکی جیددی لە بەردەم دابین کردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دا. سەرجەم دەوڵەتان تا ئاستێکی دیار توانای ئەوەیان هەیە ڕێگا لە پێشێل کردنی یاسا و باج نەدان بگرن. ئەگەر من تەنیا دەرکەوتەکانی کردەوەکەم لە بەرچاوە بگرم، ڕەنگە بەو ئەنجام بگەم کە پێشێل کردنی یاسا قازانجی زیاتری تێدایە ـ بۆ وێنە خۆم بە دەروازەی بینایەکی کۆنەوە کە بەرپرسانی ناوچەکە دەیانەوێ تێکی بدەن ببەستمەوە و ڕێگا لە بۆڵدێزرەکان بگرم ـ یان ئەو باجەی کە دەبێ بیدەم بە دەوڵەت، بیخەمە حیسابی «ئاکسفام»(Oxfam)ەوە. (ئاکسفام ناوی یەکێک لە گەورەترین گرووپە نێودەوڵەتییەکانی یارمەتیدانە. ئەم گرووپە ساڵی ١٩٤٢ دامەزراوە و بۆ بنەبڕ کردنی هەژاری، برسێتیی و نادادوەری کار دەکا و لە ١٥ ڕێکخراو و ٩٨ دەوڵەت پێک هاتووە. ئەم دامەزراوەیە ساڵی ١٩٤٢ لە زانستگای ئۆکسفۆرد دا لە چوارچێوەی کومیتەیەکی فریاکەوتن دا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قات و قڕی لە لایەن چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و خوێندکاران و مامۆستایانی ئۆکسفۆردەوە دامەزرا و لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکەم لقەکانی لە کەنەدا کرایەوە.. و) باشە، کەواتە بۆ دەبێ ملکەچی یاسا بم؟

بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێمان وایە ئەگەر وا نەکەین، ئەوا ڕووبەڕووی غەرامە و سزا دەبینەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا لەمەڕ پەیڕەوی کردن لە یاسا، بە دوای هۆیەکی بنەڕەتیتردا دەگەڕێین. ژمارەیەک لە فەیلەسووفانی سیاسی پێیان وایە ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێ. ئەوان پێیان وایە کە ئێمە کاتێک ملکەچی یاسا دەبین کە چەند هۆکاری تایبەتمان بۆ ئەو کارە هەبێ. واتە کۆمەڵێک هۆکار کە جیا بێ لەوە کە ئەو یاسایە لە لایەن دەسەڵاتێکی ڕەواوە دەر کراوە. بەڵام ژمارەیەکی دیکە هەوڵیان داوە کۆمەڵێک ڕێگا چارەی ئەرێنی پێشکەش بکەن ـ لە ڕاستیدا ئەو ڕێگا چارانە ئەوەندە فرەن کە ناکرێ لێرەدا باسی هەموویان بکەین. من تەنیا باسی دوو دانەیان دەکەم، یەکەمیان بەوە بۆنەوە کە بە درێژایی مێژوو زۆرترین لایەنگری هەبووە و دووەم دانەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بۆ خۆم پێم وایە ڕێگا چارەیەکی دروستە.

ڕێگا چارەی یەکەم باسی ئەوە دەکا کە ئێمە لە سەرمانە ملکەچی یاسا بین، چونکە قبوولمان کردوە و ڕازی بووین کە وا بێ. ڕوونە کە بۆ ئەم بۆچوونە سەرنج ڕاکێشە. وای دابنێن من سەردانی یاریگای فووتباڵی گەڕەکی خۆمان دەکەم و داوای ئەندامێتیی دەکەم. ڕۆژی شەممە، من لە زەوی یارییدا دەردەکەوم، بەڵام بە جێ ئەوەی پەیڕەوی لە یاساکانی یاری فووتباڵ بکەم، بەردەوام تۆپەکە بە دەست هەڵدەگرم و هەڵدێم. گومان لەوەدا نییە کە ئەندامانی یاریگاکە بە دەستمەوە شێت دەبم. ئەوان پێیان وایە کە من بەوەی بووم بە ئەندامی یاریگاکەیان ملکەچی ئەوەم کە یاسا باوەکانی فوتباڵ ڕچاو بکەم، ئەمەش لە کاتێکدایە من بۆ ڕاچاوکرتنی ئەو یاساگەلە هیچ ڕێککەوتنێکم لەگەڵیان واژۆ نەکردوە کە بە ڕوونی باسی ئەم بابەتەی کردبێ. سەرجەمی ئەم بۆچوونەی من کە ئەگەر هەموو یاریزانەکان ڕێگەیان پێ بدرێ تۆپەکە بە دەست بگرن و هەڵبێن، زیاتر خۆشە، بەڕاستی دەبێتە گاڵتەجاریی. ئەوان دەڵێن ئێرە یاریگای فووتباڵە: هەر کەس دەبێتە ئەندامی ناڕاشکاوانە یاسا باوەکان بەڕێوە دەبا.

کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکا کە ئەگەر بمانەوێ ئەم بۆچوونە لە یاریگایەکی فووتباڵەوە بگوازینەوە بۆ ناو دەوڵەت. چونکە کۆمەڵێک شت بدۆزنەوە کە بیسەلمێنی ئێمە بە ڕاستی ڕەزامەندیمان بەرامبەر بە یاسا دەربڕیوە، واتە بێجگە لەم ڕاستییە، شتێک کە بیسەلمێنی ئێمە هاووڵاتی دەوڵەتانین. بۆ وێنە «جۆن لاک» لە نامیلکەی دووەمی خۆیدا «لەمەڕ حکوومەت»(١٦٨٩) ئەو خاڵمان وەبیر دێنێتەوە کە هەموومان ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێکی هێناوە، وەردەگرین و ئەو وەرگرتنەش دەتوانێ شێوەیەک لە ڕەزامەندی بێ. بە تایبەت، یەکێک لە کردارە سەرەکییەکانی دەوڵەت پارێزگاری کردنە لە ماڵ و سامانی ئێمە، چ ئەو ماڵ و سامانەی بەدەستمان هێناوە و چ ئەو ماڵ و سامانەی بە میرات بۆمان ماوەتەوە. ئێمەیش ناڕاشکاوانە ڕەزامەندی خۆمان بەرامبەر بە دەسەڵاتی دادوەریی دەوڵەت لە سەر ماڵ و سامانەکەمان و لە ئاکامدا بەرامبەر بە یاساکانی دەوڵەت دەربڕیوە. هەروەها بە باوەڕی لاک ئەم بۆچوونە لەمەڕ کەسێک کە بۆ تەنیا ماوەی حەوتوویەک لە جێگایەک ژوورێک بەکرێ دەگرێ، یان بۆ سەفەر بە جادەیەکدا تێدەپەڕێ، ڕاستە. بەڵام ئەم بۆچوونەش ئەو کێشەی هەیە کە ئێمە(بەشێوەی ڕێژەیی) جگە لە وەرگرتنی ئەو حزمەتگوزاییانە هیچ ڕێگایەکی دیکەمان لە بەردەمدا نەبووە: لە کۆتایی دا ئێمە بۆ ئەوەی بژین، دەبێ ماڵ و سامانێکمان هەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو ماڵ و سامانە تەنیا خواردن و جلوبەرگ بێ، تەنانەت ئەگەر گەرەکمان بێ لە دەستی دەوڵەت ڕا بکەین دیسان بۆ ئەوەی خۆمان بگەێنینە سەر سنوور دەبێ بە جادەکاندا تێپەڕین. کەواتە وا دیارە لەم بۆچوونەشدا چەمکی ڕەزامەندی ئەوەندە پان و بەرینە کە هەر کەس کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت وەربگرێ، واتا ڕەزامەندی دەربڕیوە

ئەگەر بمانەوێ هەر چی بێژین تاکەکان بە پێی ویستی خۆیان، خۆیان پەیوەستی دەوڵەتان (وڵاتان) نابن: چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ، ناچارن ملکەچی دەوڵەتان بن. کەواتە لێرەدا ڕەزامەندی چ واتایەکی هەیە؟ هۆبز دەیوت: ئێمە لە بەر ئەوە دەبینە هاووڵاتی دەوڵەتێک کە ئەم دۆخە لە چاو دۆخی سروشتی (هەر وەک بینیمان، تێدا ژیان «ناحەز، بێبەزەییانە و کورت»ـە)، سەروەری هەیە و هیچ جیاوازی نییە کە ئەو دەوڵەتە لە کوێوە هاتووە. تەنانەت ئەگەر ئێمە بە زەبری شمشێر بچینە ژێر دەسەڵاتی ڕێبەریی سەرکەوتوو، دیسانیش ڕازین بە دەسەڵاتدارێتیی ئەو، چونکە دەمانەوێ لە دەستی چارەنووسی خراپتر قوتار بین. بەڵام لێکدانەوەیەکی ئاوا پان و بەرین بە نیسبەت چەمکی ڕەزامەندی، هەموو مانایەکی لێ وەردەگرێتەوە. ئەوەی بووە هۆی ئەوە کە نموونەی یاریگای فووتباڵ، نموونەیەکی پەسەند بێ، ئەو ڕاستییە بوو کە من ئازادانە بووم بە ئەندامی ئەو یاریگایە.

بیرمەندانی دوای هۆبز، بۆچوونەکەی ئەویان لەمەڕ ئەرک و ڕەزامەندی ڕەد کردەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە و خۆی ئەرکی پەیڕەوی کردنی یاسای وەئەستۆ گرتووە.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک لە فەیلەسووفان ئەو بۆچوونەیان هێنا ئاراوە کە مادام ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەین، واتە قبووڵیشی دەکەین لەو حکوومەتی کە لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنەدا هاتووەتە سەرکار و لەو یاساگەلەی ئەو حکوومەت دەری دەکا پەیڕەوی بکەین. ئەم بۆچوونە چارەسازترە: لانیکەم ئازادین کە دەنگ بدەین، یان دەنگ نەدەین. ئەگەر حکوومەتێک کە لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دێتە سەر کار، لای خەڵک ڕەوایی نەبێ، ئیدی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن واتایەکی نامێنێ. بەڵام بەداخەوە هێشتا وادیارە لە نێوان دەنگ دان و ڕەزامەندیدا مەودایەک هەیە. ڕەنگە ئێوە زۆر بە توندی دژی هەر دوو حیزبەکە بن، بەڵام دەنگی ئێوە تەنیا بۆ هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر دا بێ. ئەو کاتە چی؟ یان ئەوە کە ڕەنگە ئێوە کۆمەڵێک لە سیاسیەتە ڕاگەێندراوەکانی ئەو حیزبەی کە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە لا پەسەند بێ، بەڵام چەند خاڵ لە سیاسەتەکانی ئەم حیزبەتان پێ خراپ بێ ـ لە هەمانکاتیشدا ئەو دەرەتانە نەبێ کە بە جیا دەنگ بە چەند بەشێکی ئەو سیاسەتانە بدەی، ئەو کاتە چی؟ ڕەنگە ڕەزامەندی دەنگدەران بتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆ ئەو حکوومەتانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا هاتوونەتە سەر کار ڕەواییان هەیە، بەڵام ناتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی تاک تاکی هاووڵاتییان لە سەریانە ملکەچی یاسا بن.

بەگشتی ئەگەر واز لە قازانجەکانی ڕەزامەندی بێنین، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین وەها ئەرکێک لە ڕاستیدا هەیە، ڕێگا چارەی باشتر ئەوەیە پشت بە چەمکی ویژدان و «گەمەی جوامێرانە» ببەستین. دیسان باس کردنی نموونەیەک ڕێگایەکی باشترە بۆ گەیاندنی بۆچوونە سەرەکییەکە. وای دابنێین کە گرووپێک لە ئێمە لە ماڵێکدا دەژیین کە چێشتخانەکەی هاوبەشە. هەفتەی جارێ، یەکێک لە ئێمە چێشتخانەکە خاوێن دەکاتەوە و تاواکان و ناو چێشتخانە وەک ئاوێنە لێ دەکات. ئێستا هەموویان سەرو یەک جار چێشتخانەکەیان خاوێن کردووەتەوە و نۆرەی منە کە نیو کاتژمێری بۆ تەرخان بکەم و قابلەمەکان بسووم و بەر چێشتخانەکە خاوێن بکەمەوە. بۆ دەبێ ئەم کارە بکەم؟ من کەڵکم لە بەرهەمی کاری ئەوانی دی وەرگرتووە ـ بۆ لێنانی چێشت کەڵکم لە چێشتخانەیەکی خاوێن وەرگرتووە ـ بۆیە دەبێ لە نۆرەی خۆمدا منیش کاری خۆم ئەنجام بدەم، لەم حاڵەتانەشدا کاری من تاڕادەیەک بە دەست ئەنجام دەدرێ. ئەگەر لە نۆرەی خۆمدا کارەکەم نەکەم، فێڵم لە هاوماڵەکانی خۆم کردوە و ئەمەش نادادوەرانەیە. سەرنج بدەن لەم بۆچوونەدا پێویست ناکا وای دابنێن کە من قبووڵم کردوە، یان ڕەزامەندیم دەربڕیوە لە ئەنجامدانی پاک و خاوێنیدا بەشداری بکەم: دەروەست بوونی من ڕاستەوخۆ ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە من لە لایەنێکەوە قازانجم کردوە کە پێویستە هەموو تاکەکان لە نۆرەی خۆیاندا بەشدار تێدا بکەن.

چۆن ئەتوانین ئەم بۆچوونە بۆ ناو ئەرکی سیاسی بگوازینەوە؟ ڕێزگرتن لە یاسا و بەگشتیی ملکەچ بوون لە بەرابەر دەسەڵاتی سیاسییەوە، واتە گوێ نەدان بەو دەرفەتانەی کە بەدەر لەمە بۆ ئێمە دەخۆڵێقن. بەدەر لە کۆت و بەندەکانی ڕێز دانان بۆ مافی خەڵک، دانی باج و لەبەرچاو گرتنی یاساکانی هاتوچوو، هەر کام لە ئێمە پێمان خۆشە کارێک ئەنجام بدەین کە بەدڵمانە. جگە لەمە ملکەچی ئێمە لە بەرابەر یاسادا قازانجی بۆ خەڵکی دیکەیش هەیە. کاتێک ئێو باج دەدەن، خەڵکی دیکە لەو جادە و خوێندگا و نەخۆشخانانەی کە بە پارەی باجەکانی ئێوە دروست کراوە، کەڵک وەردەگرن. کاتێک ئێوە لە ترافیک لایت ڕادەوەستن، مەترسی ڕۆیشتنی ئامێری گواستنەوەی دیکە لە کاتێکدا لایتەکە سەوزە کەمتر دەبێتەوە. کەواتە وادیارە ئەو کەسەی کە یاسا پێشێل دەکا و کەڵک لە پەیڕەوی کردنی یاسا لە لایەن خەڵکی دیکەوە وەردەگرێ، بێ ویژدانانە مامەڵە دەکات. ڕێک وەک ئەو کەسەی کە کەڵک لە چێشتخانە وەردەگرێ، بەڵام لە نۆرەکەی خۆیدا خۆی لە خاوێن کردنەوەی دەشارێتەوە.

دیارە ڕەواڵەتی بابەتەکە دەتوانێ سەرمان لێ بشێوێنێ. بۆ ئەوەی بۆچوونی مامەڵەی دادپەروەرانە بتوانێ پاساوی ئەرکی سیاسی بدا، لانیکەم دەبێ دوو کێشە چارەسەر بکەین. یەکەم دەبێ بیسەلمێنین کە ئەو خزمەتگوزاریانەی دەوڵەت پێشکەشیان دەکا، لە ڕاستیدا بۆ هەمووانە. بۆ وێنە ئەگەر یاسای پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی بێ، بەڵام تەنیا ژمارەیەک لە خەڵک خاوەندار بن، چی؟ یان ئەگەر لە پارەی باج یارمەتی پێشانگای نیگارکێشی بدرێ و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک هونەر بەلایانەوە گرنگ نەبێ، چی؟ بۆچوونی پشت ئەستوور بە مامەڵەی دادپەروەرانە تەنیا ئەو کاتە بڕ ئەکا کە کۆی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەوڵەت پێشکەشیان دەکا، بە قازانجی هەمووان بێ و ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەی گونجاو و دادپەروەرانە بەسەر هەموو هاووڵاتییاندا دابەش بکرێ، واتە دابەش بکرێ بە سەر ئەو هاووڵاتییانەدا کە ملکەچ بوونیان بووەتە هۆی دروست بوونی دەسەڵاتی سیاسی. ڕەنگە من قەت سەردانی پێشانگای نیگارکێشی نەکەم، بەڵام لە بەرامبەردا کەڵک لەو یاریگا فووتباڵە وەردەگەرم کە لە پارکی گەڕەکەکماندا ساز کراوە.

هاتنە ئارای ویژدان لەم باسەدا، کێشەی دووەمان بۆ دروست دەکا. لە نموونەی چێشتخانەکەدا من وام وێنا کرد کە هەموو هاوماڵەکانم بە شێوەی ڕێژەیی بە یەک ئەندازە کەڵک لە چێشتخانەکە وەردەگرن و بەم پێیە دەبێ بە یەک ئەندازەش لە خاوێن کردنەوەیدا بەشدار بن. بەڵام ئەگەر یەکێک لە ماوەی دوو هەفتەدا تەنیا یەک جار چێشتێک لە چێشتخانەکە لێبنێ، چی؟ گەلۆ ئەویش بە قەدەر ئەوانی دیکە دەبێ لە خاوێن کردنەوەدا بەشدار بێ؟ گەلۆ ئێمە دەبێ بێژین «بەڵێ» ئەویش دەبێ بە قەدەر ئەوانی دیکە لە خاوێن کردنەوەدا بەشدار بێ، چونکە ئەگەر ویستبای، دەیتوانی زیاتر کەڵک لە چێشتخانەکە وەربگرێ و هەر کات پێویستی بێ چێشتخانەکە ئامادەیە؟ یان دەبێ ئێمە وا بکەین ئاستی بەشداری کردنی ئەو لە خاوێن کردنەوەکەدا جۆرێک بێ کە لەگەڵ ئەندازەی کەڵک وەرگرتنی لە چێشتخانەکە بێتەوە؟ دەتوانین ئەم پرسیارانە ناو بنێن کۆمەڵە پرسیارێک لەمەڕ سروشتی ویژدان. وادیارە بۆچوونی پشت ئەستوور بە ویژدان، تەنیا لە کاتێکدا بە تەواوەتی وڵامدەرە کە لەو شوێنانە بەکار ببرێ کە بە شێوەی سروشتی ویژدانین، واتە دەتوانرێ تێچووەکان و قازانجەکانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان بەشدار بووەکاندا دابەش بکرێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ نموونەی سادەی چێشتخانەکە بگوازینەوە بۆ ئاستی گشتیی کۆمەڵگا، تووشی کۆمەڵێک کێشە دەبین. بە ئاماژە بەوەی خەڵک کەمایەسی و توانایی و سەروەریی زۆر جیاوازیان هەیە، دابەش کردنی دادپەروەرانەی تێچووەکان و قازانجە کۆمەڵایەتییەکان، چۆن دابەش کردنێکە؟ ئەگەر شێوەی ئێستای دابەشکردنی تێچووەکان و قازانجەکان لە کۆمەڵگاکاندا مەودای زۆر بێ لەگەڵ ئەم ئاستە تەواوە و جێ پەسەندە(کە ئەگەری زۆرە وا بێ)، ئایا دیسان دەتوانین بێژین بۆ ڕاگرتنی ویژدان ئەرکی هەموانە ملکەچی یاسا بن؟

کەواتە وادیار ئەو ڕێگا چارەی کە من بۆ کێشەی ئەرکی سیاسی دامناوە، پێویستی بە لێکدانەوەی کێشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام ئێستا با وای دابنێین ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین کە کۆمەڵگای ئێمە ئەوەندە دادپەروەرانە بەڕێوە دەچێ کە خەڵکەکەی دەروەستن بەرامبەر بە جێبەجێ کردنی یاسا. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوان هیچ کات پاساوێکی جێ پەسەندیان بۆ پێشێل کردنی یاسا نییە؟ یان ئەوە کە کۆمەڵێک بنەمای دیکە لە ئارادان کە لە چاو ئەرکی سیاسی گرنگایەتییان زیاترە؟ زۆربە فەیلەسووفانی سیاسی، (بەتایبەت هۆبز) پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی بە بێ پەیڕەوی کردنی قایمی هاووڵاتییان دەبێتە دووکەڵ و دەچێتە ئاسمان. بەڵام لە پراکتیکدا وادیارە دەوڵەتان و شێوازەکانی دیکەی دەسەڵاتداریی سیاسی، بەو مەرجەی کە خەڵک بە گشتی (نە هەموویان) بیانەوێ ملکەچی یاسا بن، دەتوان بەردەوام و کارمە بن. ئەم ڕێگەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ لە شێوازەکانی نافەرمانی، بە تایبەتی «نافەرمانی مەدەنی» ـ واتە شێوازگەلێک لە ناڕەزایەتیی سیاسی کە نایاساین، بەڵام توندوتیژاوی نین و مەبەستیان ئەوەیە پەستان بخەنە سەر حکوومەت بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ لە سیاسیەتەکانیدا پێک بێنێ. بۆچوونی لایەنگری نافەرمانی مەدەنی ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی یاسایەکی تایبەت نادادوەرانە و ستمکارانە بێ، یان ئەگەر دەوڵەت لە بڕیارداندا نیگەرانییەکانی کەمایەتییەک ڕچاو نەکات، ئەوجا پێشێل کردنی یاسا، پاساو هەڵگرە. دیارە پێشێل کردنی یاسا دوای ئەوە پاساو هەڵگرە کە شێوازە یاساییەکانی ناڕەزایەتیی وڵامدەر نەبێ. بە واتایەکی دیکە لە هەموو شتێکدا پابەند بوون بە ئەرکی سیاسییەوە پێویست نییە. ڕەنگە ئێمە بە گشتی لە سەرمان بێ کە ملکەچی یاسا بین، بەڵام دیسان هۆکاری پاساو هەڵگرمان بۆ ئەوە هەبێ کە لە دۆخی مەترسیداردا، دەست بۆ کاری نایاسایی بەرین.

لەم نێوانە جێگە و پێگەی دێموکراسی لە کوێدایە؟ بۆچوونی باوە ئەوەیە کە پێ وایە نافەرمانیی مەدنی بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی دژی حکوومەتێکی سەرەڕۆ، شێوازێکی جێ پەسەندە، بەڵام لە دەسەڵاتێکی دێموکراتیکدا کە مافی ئازادیی ڕادەربڕین و ناڕەزایەتیی هێمنانە بە فەرمی ناسراوە، نافەرمانیی مەندەنی هیچ پاساوێک هەڵناگرێ ـ ئەرکیی سیاسی لەم کۆمەڵگەدا پتەوترە. بەڵام ئەم بۆچوونە ناڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکا کە فەرمانڕەوایی سیاسی ی دێموکراتیک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لە شێوازەکانی دیکەی حکوومەت جیای دەکاتەوە.

سەرچاوە:

میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ١٣٩٠.



کوردستان

ژمارە: ٦٣٤

٣١ی جۆزەردانی ١٣٩٣

٢١ی ژوئەنی ٢٠١٤


# کچیان بۆ گرامێک شیشە....





له نووسینی: سەیران رۆژهەلات

‹با هاژەی دێت و گەڵای دارەکان دەوەرێن،مانگ له بازنەی هەورەکاندا کەوتووەتە داو و دارستان له شەوەزەنگدایە.

مەلای دەسەڵات پرسیاری کرد:ئەی جاش! ئەوە چۆن کوردستانمان خنکاندوە؟چۆن ئیدی کەس فزە ناکات، ئەوە چۆنە؟

جاش لە قاقای پێکەنی دا وچیتری نەگوت.

مەلێک دەچریکێنێت،مارێک خۆی دەئالێنێتە بالای درداو سەری دەکاتە هێلانەی مەلدا،با هاژەی دێت ولق و پۆپی دار دەشەکێنەوە.

مەلای دەسەلات گوتیەوە:ئەی جاشی من!ئەو هەمو گەنجەمان کوشت لێیان، بەلام کۆڵیان نەدا.بێکار و وێڵی شاران بوون،سوورانەوەأو رووییان هێنایە دنیای دەرەوەأو دەرچوون له ولات. له دووره وەڵاتاندا سەریان نایەوە و لە تاو خەم وخەفەتی نیشتمانیان دیقیان کردو مردن، بەلام دیسان کۆڵیان نەدا.ئەی ئەمە چیە، چۆن بێدەنگ بووە ئەم کوردە؟کوردت چۆن بەزاند له نیشتمانی خۆی ئەی جاش؟!

جاش گوتی:گەورەم،لە رێی تلیاک و بافوورە مێژوویییەکەی خۆتەوە وام کرد. لە رێی پایپ وشیشەوە کوڕ وکچیانم فێرە خۆم کرد و بە بەسیجی وبە جاشیانم کردوە ....

با هاژەی دێت و مەڵ هەڵدەفڕێت و لە سەر لقێکیتر دەنیشێتەوە...کەسێک له قاقای پێکەنین دەدات...کێ بوو...لەو دارستانە... لەو شەوەزەنگە...هۆ ی ی ی ...ئەوە کێیە وا لە قاقای پێکەنین دەدات؟

جاش گوتیەوە:گەورەم!کچیان بۆ گرامێک شیشە لە ئامێزمدایە و دەیخلۆپێنمەوە. بەڵام کەسیان نیە بێتە جواب لە سەری...پیاویان سیخوڕی خۆیانم بۆ دەکات بۆ لوولێک تلّیاک...!مەترسە گەورەم !کوردستان هین خۆمانە.

مەلای دەسەڵات لە قاقای پێکەنی دا وگوتی:ئەی نیشتمانەکەیان؟هەمو کوردستانم دەوێت...کۆڵنەدەریان هێشتا ماوە ئەی جاش!هێشتا جێی مەترسین ئەی جاش... کارێک بکە دەی...زۆرن ..دەرەقەتیان نایەم.. هەوڵ دە...هەموو خاکی کوردستانم دەوێت تاکو کەسی خۆمانی تێدا نیشتەجێ بکەین..دەی هەوڵ دە ئەی جاش.

با گیڤاندی و شامارەکە سەری کردە هێلانەی مەلی هەڵفڕیو و چی بێچوە وهێلکەی تێدا بوو هەڵی لووشی.

کەس نازانێت لەو شەوە زەنگە چۆن دەکرێت کوڕێک قەڵماسک لە دەس ، خڕکە بەرد بەرەو سەری شامارەکە و کچیک بە تیر وکەوان ،تیر بەرەو هەورەکان بوەشێنن....

جاش لە قاقای پێکەنی دا و گوتیەوە:گەورەم! خەم مەخۆ ،تەنیا شیشە وتلیاک و ئەوانەیە چاریان دەکات. گوللە دەرەقەتیان نایەت، ،دیسان لە رێی پایپ و بافوورەوە ئەوەشیان پێدەکەین ،راویان دەنێین، هێدی هێدی، سەبر سەبر، شتێکی نەماوە گەورەم.

با دەگیڤێنیت...ئەوە کێیە لە قاقای پێکەنین دەدات.... لەو شەوەزەنگە چ دەکەن لەوێ مناڵەکان.....مار بێچووە مەلەکانی خواردوە ....ئەی لە بەر چیە مانگ لە داو هەورەکان رزگار نابێت؟ کەسێک پێدەکەنێت..سەبر سەبر.... دارستان تژیە لە گەڵای زەرد..وەرە لە ئامێزم بگرە و رزگارم بکە دەی... وەرە......

جۆزەردانی ٢٧١٤

---

# کورتە چیرۆکی «نیوەچڵ» و چەند سەرنجێک (١)



شەونم هەمزەیی

هەر وەکو دەزانین کورد وەک قەوارەیەکی نایەکگرتوو، نەبوونی ناسنامەی تەواو، جوگرافیایەکی پارچەپارچەکراو بەسەر چەند وڵاتی داگیرکەردا بە چەندەها داب و نەریت و سیاسەتی جیاوزەوە، کاریگەریی خراپی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا داناوە.

کۆمەڵگایەک کە هەموو تاکەکانی کەم تا زۆر لە بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشن، جا ئەمانە لە هەر چین و توێژ و ڕەگەزو نەتەوەیەک بن، کۆمەڵگایەک کە هەریەک لە پیاو ژن منداڵ هەریەک بە شێوازگەلی جیاواز لەگەڵ زۆر لە کێشەو گرفتەکان بەرەو ڕوون، کە لەم نێوەندەدا ژنان زیاتر لە هەر تاکێکی کۆمەڵگا لە پێشێل کردنی مافەکانیان پشکی شێریان بەرکەوتووە.

ئەمەش لەوانەیە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتیو ئابووریو کلتوری و یاسایی لە پشتەوە بێت، بەڵام کەم تەرخەمی ژنان سەبارەت بە مافەکانیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەتدا ئاگاداری مافەکانی خۆیان نین. ژنی کورد ئەرکەکانی خۆی باش دەناسێت، دەزانێت کە دەبێ دایکێکی باش بێت بۆ منداڵەکانی، هاوسەرێکی باش بێت بۆ مێردەکەیو ... بەڵام کەمتر ژنێک هەن کە ئاگاداری مافەکانی خۆیان بن. ژنێک کە ئاگای لە مافەکانی خۆی نەبێت لە بنەماڵەدا دیسان دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانەوەی کلتووری پیاوسالاری، بۆیە پێویستە بزووتنەوەی ژنان هەموو هەوڵی لە پێناو وشیارکردنی ژنان لە مافەکانی خۆیان بخەنەگەڕو بە بردنەسەری ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ژنان، بزووتنەوەی ژنانی کوردستان گشتگیرتر لە جاران بەرەوە پێش ببەن.

دوابەدوای خوێندنەوەی کورتە چیرۆکی (نیوەچڵ) ، تێکەڵ بە زۆر لێکدانەوەی جیاواز بووم، کە نووسەر لە کورتە چیرۆکێکدا هەوڵی داوە زۆر لەو نەهامەتییانەی بەرۆکی تاکەکانی کۆمەڵگایان گرتووە بە بێ جیاوازی بخاتە ڕوو.

یەکەم شتێک کە زیاتر لەهەر یەکێک لە شتەکانیتر سەرنجی ڕاکێشام، کێشەی ژن و پێشێلکردنی مافی ژن، کوشتنی ژن بە ناوی نامووس، کە بەڕاستی ئەمە جێگای تێڕامانو لێوردبوونەوەیەو بە داخەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم دیاردە قێزەونە لە کۆمەڵگادا پەرە دەسێنێ، بەڵام کێ بەرپرسیارە لە زیادبوونی ڕێژەی کوژرانی ژنان بە دەست باوک و براو هاوسەرەکانیان.

ئەمە چەندین هۆکاری جیاوازی لە پشتە، کە زۆرجار یاسا لەم نێوەندەدا بە بەرپرسیار دەزانن، ڕاستە ئەمە ئەرکی یاسایا کە بەدواداچوون بەدوای تاوانباران بکات، بەڵام پێش ڕوودانی کارەساتەکە کێ بەرپرسیارە، ئەمانە بەشی هەرەزۆری دابونەریتو کلتوری زاڵ بەسەر کۆمەڵگاکەماندایە کە وای کردووە ئەم کارەساتانەی لێ بکەوێتەوە.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا لە چیرۆکەکەدا باسێک لە خیانەتی دوو لایەنەی ژیانی هاوسەرێتیی دێتە گۆڕێ، خیانەتی پیاوەکە لە ژنەکەیو بە پێچەوانەوە خیانەتی ژنەکە لە مێردەکەی.

هەرچەند خیانەتی هاوسەرێتی شتێکی قێزەونە بە هەر هۆکارێک و لە هەر لایەنێک بکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، خیانەتی هاوسەرێتی دوو لایەنە، بەڵام بۆ پیاو ڕەواو بۆ ژن ناڕەوا.

لە کاتێکدا کە تاوانباری سەرەکی پیاوەکەیە، پیاوێک زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی ماڵەکەیەتیو لە هەمان کاتدا تێکەڵبوونی لەگەڵ ژنێکی تردا، ئەویش ژنێک کە هاوکاریەتی، دیسانەوە جارێکی تر ژنێک لە شوێنی کارکردنیشدا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکارهێنراوە.

پیاوێک کە خۆشییەکانی ژیانی بۆ ژنەکەی لە هەندێ پێداویستی زێڕو ماڵدا کورت کردۆتەوەو لە هەموو خۆشەویستیو هاوسۆزیی ژیان بێبەشی کردووە، هەر ئەم نەبوونی خۆشەویستیو هاوبەشییە بۆشاییەکی عاتفی لە ژیانی ئەم ژنە دروست دەکاتو بیر لە کەسێکیتر دەکاتەوە کە بتوانێ هاوکاریی خەمۆکی و تەنیایەکانی بێت.

بەڵام چۆن ژنێک ئەوە دەکا، ژنێک خیانەتی لە هاوسەرەکەی کردووە، بەڵێ ئەم ژنە دەبێ بکوژرێ تاوەکو شکۆو کەرامەتی پیاوەتی بگەڕێتەوە، بەڵام بوەستن دەبێ ئەمە شاراوە بێت و ناوی تاوانبار دیاری نەکرێت، ئەگەر ئاماژەش کرا تەنیا پیتی یەکەمی ناوەکەی بێت.

دووەم شت کە لەم چیرۆکەدا بەرچاو دەکەوێ، باس لە ژیانی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانە، ئەو نووسەرانەی کە دەڵێی چارەنووس وای لە چارەیان نووسیوە هەر هەژارو دەستکورت بن، نوسەرانێک کە ناتوانن ئەوەی دەیانەوێ بیخەنە سەر پەڕەی ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەنوسانێک بە ئاواتی ئەوەی کە دەنگیان بگاتە کەسانی بڕیاردەرانی وڵات، بەڵام تۆ بڵێی ئەوان خوێنەر بنو گوێیان لە نەهامەتیەکان بێت کە تۆی نووسەر دەتەوێ بیگەیەنی .

ئەی ئەوانەی کە تاوەکوو ئێستا بەشێک لە حەزو خولیاکانیان بە شاراوەییو لە ژێر ناوی شاراوە ماوەتەوە، لە هەمان کاتدا هەژارو دەست کورت، چاوەڕێی بژێوی ژیانێکی کەم لە بەرامبەر چەند بابەتێک کە لەوانەیە چەندەهایان نوسینێک نەبن کە حەزو ئارەزوەکانی ئەوان دەردەخا.

لەگەڵ هەموو هەژاریو نەهامەتیەکی نووسەری چیرۆکەکە کە خوازیاری جەمە خواردنێکی باشو کارتێکی موبایلە، بەڵام دەستپاک و ڕاستگۆ.

یەکێکی تر لەو شتانەی کە پێم خۆشە ئاماژەی پێ بکەم هەندێ لە کەسانی دەسەڵاتدارو گەندەڵو خۆفرۆش، لە کاتێکدا کە لە پێناو بەرژەوەندیە کەسیەکانی خۆیاندا چەندین کاری نەشیاو و کوشتن و بڕینیان کردووە تا گەیشتن بە پۆست و دەسەڵاتیان و ئێستاش خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن.

ئەمانە و چەندین لێکدانەوەی جیاوازی تر دەکرێ لەم کورتە چیرۆکەدا بەرچاو بکەوێ.

بەڵام تۆ بڵێی خستنەرووی ئەم نووسین و بابەتانە هیچ کاریگەریان هەبێت لە کەم کردنەوەی ئەوە نەهامەتیانەی کە تاکەکانی کۆمەلگا لەگەڵی بەرەو ڕوون.

**(١) لە ژمارە ٦٣٣ی لاپەڕی ئەدەبو هونەری رۆژنامەی کوردستاندا چیرۆکێک لە ژێر ناوی «نیوەچل» لە نووسینی ڕەسوولی سوڵتانی بلاو بۆوە.**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 643 21 june 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

## لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ۲۵ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟



قادر وریا

لە ۲۲ی پووشپەڕی داهاتوو دا(کەمتر لە مانگێکی دیکە) ۲۵سال بە سەر تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رادەبرێ. ۲۲ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە د.محەممەد سەدیق کەبوودوەند چەند ساڵ لەمەوبەر لە پەیامێکی تایبەت دا لە بەندیخانەی ئێوینەوە، بە ڕۆژی دژایەتی لە گەڵ تیرۆری دەوڵەتی ناودێری کرد.

لە نیوەی دووهەمی دەیەی۹۰ی هەتاوییەوە، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هیندێک شارو ناوچەکان، بە مانگرتنی گشتیو داخستنی دوکانو بازاڕ، لەم ڕۆژەدا بێزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتیو وەفای خۆیان بۆ ئەم ڕێبەرە شەهیدە پێشان دەدا. بەڵام دامو دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشەو سزای جۆراوجۆر، سال بە ساڵ توندتر بەرەوڕووی ئەو خەڵکە دەبوونەوە کە بەشداری ئەو مانگرتنە گشتیە دەبوونو تێچووی ئەم جۆرە نارەزایەتی دەربڕینەیان جاربەجار پتر دەبردە سەر. ساڵانی دواتریش ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە شەهیدەو بیزاری دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی لە رۆژی تێرۆری ئەو ڕیبەرە کوردە دا، بە شیوەی دیکە دریژەی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە شوێنەواری زاڵبوونی سەرکوتوکەشوهەوای ئەمنییەتیی ئێرانی پێوە دیار بووە.

ئەم یادە(تیرۆری د.قاسملوو) هەر تەنیا هی دیموکراتەکان نییەو خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئەندامان و لایەنگران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هۆگرو لایەنگری ڕێگاو ئامانجەکان وکەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەنو هەر لەو کاتە دا،دەیانەوێ لە دەرفەتی گونجاودا کارنامەی تیرۆریستیو سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەروەها ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە مێژ ساڵە تیکەڵ بە جۆرێک لە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە جێی خۆیەتی لە بازنەیەکی گەورەتردا قسە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵانەی ئەم یادە بکرێ ولە بەر ڕووناکایی




ئەزموون و ئیدەی جۆراوجۆر، کردەییترینو گونجاوترین پێشنیارەکان بۆ چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی یادی ۲۵سالەی تیرۆری د.قاسملوو ئامادە بکرێ.

شاراوە نییە کە باسکردن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم یادە، باری ئەمنیەتیشی هەیە کە بێگومان،رەچاوکردنی پێویستە.بەڵام هەر لەو کاتەدا،هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ڕابردوو، لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان،کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تاکتیکەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم،ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کەموکوڕییەکانی رابردوو وخستنەرووی ئیدەی داهینەرانەش بەشێکن لە پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم یادە.

لەم ڕوانگەیەوە،هاوفکری لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم یادە دەدەن، بە پێویست دەزانم. ورووژاندنی ئەم باسەو هینانەگۆڕی ئەم پرسیارەی سەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یارمەتیمان دەدا کارێک کە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەیە، نەک لە بازنەیەکی بچووک،بەلکوولەبەر رووناکایی باس

وبیروراگۆڕینەوەیەکی خەسارناسانە وداهێنەرانە دا، بڕیاری لە سەر بدرێ. بەو هیوایەی بە هاوفکری و هاوبەشیی دلسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی ئەم یادە لای ئەوان،گرنگی و جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەمساڵ بە شێوەیەکی دیارتر،بیرەوەریی ۲۲ی پووشپەڕ لە نێوخۆی ولات دا بەڕێوە ببەین.

جێگای وەبیرهێناوەیە کەسانێک کە پێشنیار و ئیدەیەکی تایبەتیان هەیە و بە هۆی ئەمنیەتی نایانهەوێ لە شوێنی گشتی دا باسی بکەن، دەتوانن بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنەکان و راگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی بنێرن تا بە تێبینییەوە باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لە سەر بدرێ.

**۲٦ی جۆزەردانی ۱۳۹۳**
**۱٦ی ژوئەنی ۲۰۱٤**
qaderwirya@yahoo.com

## سووکەئاوڕێک لە یارییەکانی مۆندیالی ۲۰۱٤ی برازیل





یارییەکانی مۆندیالی ۲۰۱٤ی برازیل سەرەڕای هەموو ئالۆزیو نارەزایەتیی خۆپێشاندەرانی برازیلی رەوتی ئاسایی خۆی پێواو، هەروەک هەموو رووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مرۆیی، ئاکامی چاوەڕواننەکراو و سەرسووڕهێنەریشی لێکەوتەوە.

لە قۆناخی یەکەمی یارییەکان‌دا ئیسپانیا، پاڵەوانی پێشووی مۆندیال، لەوپەڕی ناباوەڕی‌دا هەر زوو دۆڕاو و بەبێ هیچ بردنەوەیەک ماڵاوایی لە مۆندیال کرد بە دوو یارییو دۆڕاندنی هەردووکیان گەڕایەوە ماڵ. ئینگلیزیش هەر بە دەردی وی چوو، بە دوو یارییو دۆڕاندنیان لە خولی یارییەکان دەرچووو گەڕایەوە ماڵ. ئاکامی زۆر نائاسایی دیکە دۆڕانی ئیتالیا بە کاستاریکاو، بە گشتی بەرزبوونەوەی یاریی ئەو تیپانەی پێشتر هێند بەرچاو نەبوون و، دۆڕانی تیپگەلێک، کە ئۆمێدی بردنەوەیان لێ‌دەکرا بوون، کە بوونە مایەی سەرسووڕمانی لایەنگرانو شرۆڤەکارانی بواری وەرزشی فووتباڵ. بەڵام



یارییەکان. بە هەر حاڵ ئەگەرچی بەربێژیی فووتباڵ، زۆر دژوارەو ئەم بوارە پێویستی بە لێکدانەوەی کارناسو لێزانی وەرزش هەیە، بەڵام ئەمە دوورەدیمەنی هەتا ئێستای یارییەکان بوو.

هەرچی ئێرانیشە کە گەیشتوەتە ئەم مۆندیاڵە هەتا ئێستا بە یارییەک لە بەرانبەر نیجێریەدا یارییەکی نە زۆر باشی هەبووەو لە یارییەکانی دواتریشی‌دا دەگەڵ تیپی خاوەن نازناو و ئاستی بەرزی وەک ئارژانتین دا یاریی دەکاو هەر زۆر پێش دەسپێکی یارییەکان دەمەقاڵەیەکلە نێوان یاریزانانی ئارژانتینی و بەتایبەت «مێسی» یاریزانی بەناوبانگ و کاربەدەستانی ورزشی ئێران لە راگەیاندنەکاندا هاتە گۆڕێ.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەم مۆندیاڵە، «نێلی» فیلی بەربێژی ئاڵمانییە. «نێلی» کە جێگەی ئۆختاپسەکەی ۲۰۱۰ی گرتۆتەو زیاتر ئاکامی یارییەکانی ئاڵمان بەربێژی دەکا، پێشتریش بەربێژی تەواوی یارییەکانی مۆندیالی ژنانی بە سەرکەوتووی بەربێژی کردبوو، کە ژاپۆن بوو بە پاڵەوانو دروستی پێشبینی «نێلی» دەرخست. بە گوێرەی بەربێژییەکانی «نێلی» ئاڵمان لە گرووپی خۆی‌دا وەک تیپی یەکەمی ئەم قۆناخە دەبڕێ و دەگاتە قۆناخی دواتر.

فەڕانسە، ئاڵمان، برازیل، ئارژانتین، هولەند .... تا ئێستا کەمتاکورت توانیویانە خۆیان بسەلمێننو بە تایبەتی فەڕانسەو ئاڵمان بە ئاستێکی بەرز دەرکەوتوونو بەو یارییەی توانیویانە لە خۆیان پێشانی بدەن، چاوەڕوان دەکرێ لە قۆناخەکانی دیکەش‌دا ئاستێکی بەرز لە خۆیان نیشان بدەن.

کەواتە هەتا ئێستا، تیپەکانی ئاسیا باش دەرکەووتوون، ئۆرووپا، بە تایبەت تیپە خاوەن نازناوەکان کەمتاکورت لێکەوتوونو ماڵاواییان لە قۆناخەکانی دواتری یارییەکان

کردووە، هەرچی تیپە ئەمریکاییەکان باش دەرکەوتوونو ئاکامێکی باشیان وەرگرتووە، تیپە ئەفریقاییەکانیش وەک جارانی پێشوو، بە ئاستێکی مام ناوەند دەرکەوتوون و چاوەڕوان ناکرێ بگەنە قۆناخە بەرزەکانی دواتری

## ژنانی ئێران ڕێگەیان پێنادرێ بچنە یاریگەی «ئازادی»





پۆلیس و هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی رۆژی هەینی ۳۰ی جۆزەردان، نەیانهێشت ژنانی ئێرانی بۆ سەیرکردنی کێبەرکێی والیبالێ نێوان تیپی میللی ئێرانو ئیتالیا بچنە یاریگەی ئازادیو هەر لە پێوەندییەدا ژنان بە مەبەستی نارەزایەتی لەم هەڵاواردنە لە دەورووبەری یاریگە کۆ بوونەوە.

ژیلا بەنی ئەعقوب رۆژنامەنووس، لە لاپەڕەی فەیس بووکی خۆی دا دەنووسێ: «یاریگە پڕ بوو لە هێزی دژەشۆڕش و ئۆتۆمۆبیلی پۆلیسو هەروەها ماتۆرسوار، کە بەردەوام لە دەوروبەری یاریگە لە هاتوچۆ دابوون و نەیاندەهێشت ژنان لێک کۆببنەوەو ژمارەیەکیش لە ژنان دەستبەسەر کران.

هەروەها هێندێک لە کوڕانی لاو کە لایەنگری ژنان بۆ چوون بۆ نێو یاریگە بوون، لەم رووداوەدا تووشی لێدان و سووکایەتی بوون و چەند کەسێکیش دەسبەسەر کراون.

رۆژی هەینی پێشوو ۲۳ی جۆزەردانیش، سەرەڕای ئامادەبوونی ژنە برازیلییەکان لە سالۆنی ۱۲ هەزار کەسی ئازادی، جارێکی دیکە ئیزن بە ژنانی ئێران نەدرا بینەری یارییەکان بن.